# پێڵاوەکانم و نێرەموکانی فیفا

## سیناریۆی

سەلاح جەلال

چاپی یەکەم 2020

## لقی سلێمانی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان


- پێڵاوەکانم و نێرەموکانی فیفا
- سیناریۆی: سەڵاح جەلال
- بابەت: سیناریۆ
- نەخشەسازی ناوەوە: برزوی حاجی حەبیب
- بەرگ: رێبەر ئۆمەر
- کاری هونەری و رێکخستن: شێخ محەمەد قەرەداخی
- نرخ: (2000) دینار
- تیراژ: 500 دانە
- چاپ: چاپی یەکەم 2022
- چاپخانە: جارانی سلێمانی
- لە بەڕێوەبەرا یەتی گ شتیی کتێبخا نە گ شتییەکان ژ مارەی سپاردن: (976) لەساڵی (2022/5/18)ی پێدراوە.

هیچ کەس و لایەنێك بۆی نیيە بەبێ پرس و رەزامەندی نووسەر هەستێت بەدەرهێنان و کارکردن و کۆپی و هەرشێوازێکی تر لەم سیناریۆیەدا.

# 1

## 1

## وێنەی سفری کۆتایی

(موزیکی گەردوونی دوای مەرگەسات).!!!

(کات، زەمەن دیاری کراو نییە، زومی کامێرا دەچێتە سەر پێڵاوی راست و چەپ، وێنەی لاپەڕەی کتێبەکان بڵاو دەبنەوە، وێنەی تەقینەوە گەردونی، وێنەی لاپەڕەکان کۆدەبنەوە، فەزای نەبوون دەچێتە ناو فەزای بوونەوە، تیشکدانەوەی وێنەی سفری کۆتایی شاری فیفا، وێنەی رۆح و دەنگ لەوێنەی رەوی جەستەدا نمایش دەبنەوە. هەوجارێک، کەڵدانی ئاژەڵان، جووت بوونی نێرو مێ، دروستکردنی خانوی قوڕ ).

(موزیکی دوای تەقینەوەو دروست بوونەوە)!!!

# 2

(موزیکی گەردوونی مەرگەسات).!!!

(کات، شوێن، زەمەن، جەستە، سیما، بوون، دیاری کراو نییە، فەزای پشتە بوونە، بە تەقینەوەیەکی گەردوونییەوە، بایەکی ئەزەلی بڵاودەبێتەوە، ئاماژەو زمان و نیشانەو رەمزو وشەو جەستە دەتوێتەوە، دەبن بەشفرەی زمانی قفڵ دراوی وێنەیی.
جوتێک پێڵاو لەناو کەفی خومخانەی کارەساتەکاندا رەنگاڵە دەبن، دەبنە زمانی وێنەیی گێڕانەوە، وەک جەستەی هۆمیرۆسی و پڕۆمیسۆسی، دەبنەوە بەپێڵاوو وێنەی رۆحی):

پێڵاوی چەپ: جـوڵە و دەنگێكـی تـۆقێنەر فەزای گرتـووە، وەک هەزاران شارای كورە هەنـگ پـێكەوە سـەمای مـردن بكەن؟!.

پێڵاوی راسـت: ئێـرە پاشـماوەی ئەوانەیە وێـنەی رۆحیـان بەهەتاودەبەخشی. چی تۆفانێـک بـوو هەڵـی كـردو ژیـانی تواندەوە؟!.

پێڵاوی چەپ: ئەوانەی لەناو پرسیارە ئەزەلییەكاندا تـوانەوەو ون بوون؟!.

پـێڵاوی راسـت: بەسـەرهاتی خۆیـان و قوربانییەكانیـان دەگێڕایەوە. چی كتوپڕییەكی ناوەختە بوو چوونە ئەودیـوی مەرگەوە؟!.

پێڵاوی چەپ: وەک ئەوەی لەناو زەریای دەنـگ و رەنـگ و سیمای تواوەدا بن؟!.

پـێڵاوی راسـت: ئەم فەزایە وێـنەی رۆحـی جەسـتەكانی درووێـنە كـردو زەمەن و بـوون لە ناوەختەیەكـدا سـڕانەوەو شوێنەوارێكیان بەجێ نەهێشت؟!.

پـێڵاوی چەپ: هەتـا ئێسـتایش لاپەڕەكـانی دادوەری بڵاودەبنەوە؟!.

پێڵاوی راست: تەزووی فیزیایش گەردونیان گرتۆتەوە؟!.
پێڵاوی راست، پێڵاوی چەپ:جگە لەپرسیار وەڵام نییە؟!.
(شەپۆلێکی تەزوو بەخشی نەبین، وێنەی کۆمەڵە پەرتوکێک بڵاودەبــــنەوە، وێــــنەی زانـــای فیزیـــایی و وێـــنەی دادوەر تــواونەتەوەو لاپەرەکانیــان پەرش دەبێــتەوە، زومــی کــامێرا دەشاردرێتەوە)......
(موزیکی تەقینەوەی گەردوون)!!

3

(موزیکی گەردوونی) !!

(کات، زەمەن، بوون، دیاری کراو نییە، تیشکدانەوەی فەزای نەبوونە لە بووندا، پێڵاوی راست و چەپ لاپەڕەی کتێبەکان بڵاو دەبنەوەو وێنەی جەستەکان دەردەخەنەوە، گۆڕەپانی تۆپی پێی شاری فیفا، یاریگا بەبینەران پڕبۆتەوە، وێنەی تیپی فیفاو تۆفا بەرامبەر بەیەک ریزبوون، وێنەی دادوەر: فیکە لێدەدات).

وێنەی بینەران: تۆپ لە قاچی وێنەی تیپی فیفادایە، دەبێت یاریگا کۆنترۆڵ بکەن؟!.

وێنەی پیرز: چۆن دەبێت بێ گۆڵ کردن بگەڕێمەوە؟!.

(یەکەم تۆپی بۆ هەڵدرا، بەرەو ناوچەی سزا دەڕوات، وێنەی فاری بەردەمی گرتووە).

وێنەی فاری: نەکەی گۆڵمان لێ بکەیت؟!.

وێنەی پیرز: تۆ نازانیت عیشقی تۆپی پێ جیهانییە؟!.

(تۆپەکە بەرەو گۆڵ هەڵـدەدات لەدەسـتی وێـنەی گـۆڵچی بەردەبێت و دەچێتە دەرەوەی ناوچەی سـزا، وێـنەی دادوەر فیکە لێدەدات):

وێنەی بینەران: کۆڕناڵ. بوو، نەبوو؟!

(چرکەی دەی یارییەکەیە، تۆپ لەقاچی وێنەی میسـاردایە، بەرەو نـاوچەی سـزا دەڕوات، وێـنەی لـویس بەردەمـی دەگرێت، پێچاو پێچ و سوڕانەوە دەکەن).

وێنەی میسار: ناتەوێت گۆڵ بکەم؟!.

وێـنەی لـویس: نازانیـت تـۆپی پـێ ئـێمەی کـرد بە خۆشەویستی یەکتری؟!.

(وێنەی لویس ئەم دیوو ئەو دیو دەکات).

وێـنەی لـویس: وەرە گـۆڵ بـکە، هەسـت دەکەم گەردوون بەبایەکی ئەزەلییەوە دەپێچرێتەوە؟!.

وێنەی میسار: یاریگام لێ گۆڕاوە، هەست ناکەیـت بـوون و نەبوون تێکەڵاو دەبێت؟!.

(وێنەی میسار خول دەخوات تۆپەکە دەگرێتە گۆڵ، وێنەی داوەر فیکەی کۆڕناڵ لێدەدات):

وێنەی بینەران: کورناڵە، کۆرناڵا نییە، بوو یان نەبوو؟ّ
(دادوەر دەستی رادەکێشێت، زومی کامێرا دەچێتە سەر ناوەڕاستی یاریگا، لێدانی راستەوخۆیە، وێنەی پیرز، بەسەمایەکی ئەفسوناوییەوە جێ بەجێی دەکات):
وێنەی بینەران: ناکرێت پێرز گۆڵ نەکات.
(کاتی پشوی جیمی یەکەمە، وێنەی لویس لەگەڵ وێنەی میسار وێنا دەبن).
وێنەی لویس: میسار بۆچی گۆڵت نەکرد؟!.
وێنەی میسار: ئەی تۆ رێگەت لێ نەگرتم؟!.
(وێنەی درۆو لەگەڵ وێنەی فینس وێنا دەبن):
چۆن دەبێت لەخۆشەویستی تۆپ و یاریگاوە، هیواکانمان نەیەتە دی؟!.
(وێنەی چۆخ باوەش بە وێنەی شۆلدا دەکات)
وێنەی چۆخ: نازانیت من بەبێ تۆ ناژیم؟!.
(جێمی دووەمی یاریەکەیە، تۆپ لە قاچی وێنەی درۆودایە، هەڵی دەدات بۆ وێنەی میسار، دەگاتە ناوچەی سزاو لێی دەدات بۆ ناو گۆڵ):
وێنەی بینەران: گۆڵ.. گۆڵ.. گۆڵە یان ئۆفسایتە؟!

وێنەی یاریزانەکان:چۆن دەبێت میسار بهێڵێت بدۆڕێین ؟!.
(وێـــنەی دوو فـــڕۆکە بەئاســـمانەوە دەســـوتێن و دەکەونە خوارەوە، یاریگا ئاگری بورکانێک دەگرێـت، فەزا دەتـوێتەوە بوون و نەبوون تێکەڵاو دەبن).
(موزیکی توانەوە).

# 4

(موزیکی سەرسامی).

(کات، شوێن، زەمەن، جەستە، سیما، بوون، دیاری کراو نییە، فەزای نەبوونە، گڕکانێکی دەروونی دەتەقێتەوە، وێنەی لاپەڕەی کتێبەکان بڵاو دەبنەوەو وێنەی رۆحەکان دەردەخەنەوە، زومی کامێرا دەچێتە سەر جوتە پێڵاوەکە، وێنەی چەند رۆحیک دەردەکەون:

وێنەی رۆحی یەک : ئای لەم زەمەنە فلیقاوەیە؟، هیچ ناونیشانێکمان نەماوە؟.

وێنەی رۆحی دوو: دەبێت بتوانین رابردوویەک بهێنینەوە؟!.

وێنەی رۆحی یەک: هیچ بەهایەک بۆ بوون و نەبوون نەماوەتەوە؟!.

وێنەی رۆحی دوو: لەخۆتت روانیوە هیچ ناونیشانێکت نەماوە؟!.

وێنەی رۆحی یەک: ڕەنگ و دەنگ و سیماو بەهاو بوونمـان سڕدراوەتەوە. لەوە دەچێت جانەوەر بووبێتین؟!.
وێنەی رۆحی سێ: هەردوکتان سڕدراوەن، وەک مـۆمی نـاو دۆژەتان لێهاتووە. سەیری خۆتان بکەن؟!.
(وێنەی رۆحـی یەک و وێـنەی رۆحـی سـێ پـێکەوە وێنـا دەبن)
وێنەی رۆحی یەک: تۆ دەزانیت چیت لێ بەسەر هاتووە؟!
(وێــنەی رۆحـــی یەک لەگەڵ وێــنەی رۆحـــی دوودا وێنــا دەبێت):
وێنەی رۆحی یەک: ئەوە مێرولەیە یان جاڵجاڵۆکەیە؟!.
وێنەی رۆحی دوو: دەبێت ناوێکی بۆ بدۆزرێتەوە؟!.
(وێنەی رۆحی چوار لەگەڵیان وێنا دەبێت)
وێنەی رۆحی چوار: ئای لەم ڕاڕاییە؟ ئێوە چی جانەوەرێکن هاتونەتە ناو ژیانی منەوە؟!.
وێنەی رۆحی سێ: سەیری خۆت بکە بزانە چیت؟!.
وێــنەی رۆحـــی دوو: پێمــان بڵــێ هەتــا ناونیشــانێکت بــۆ دابنێین؟!.

وێنەی رۆحی یەک: دەتوانیت بچیتەوە ناو هێلکە شەیتانۆکەکەت؟!.

وێنەی رۆحی سێ: بڕۆ بانەتبینین؟!

وێنەی رۆحی دوو: تۆ بە خۆتت زانیوە چی جانەوەرێکی سەیریت؟!.

وێنەی رۆحی چوار: لەزەمەنێکدا تواوینەتەوە خۆمان بۆ نادۆزرێتەوە؟!.

وێنەی رۆحی یەک: دەبێت لە کوێوە بۆ خۆدۆزینەوە بچین؟!.

(هەر سێ رۆحەکەی تر پێکەوە وێنا دەبن )

پێویستە خۆمان بدۆزینەوە؟.

وێنەی رۆحی چوار: خۆدۆزینەوە؟!.

(لەگەڵ خۆیدا وێنا دەبێت).

دەبێت لەم خومخانە دۆژەیەدا کەسێک هەبێت بتوانێت خۆی بدۆزێتەوە؟!.

وێنەی رۆحی یەک: خۆدۆزینەوە مانای چییە؟!

وێنەی رۆحی دوو: دەبێت بگەڕێینەوە بۆ کام سەرەتایە؟

وێنەی رۆحی سێ: دەبێت لەئێستادا دەست پێ بکەین. بزانین کەلێنێک دەدۆزینەوە؟!.

وێنەی رۆحی دوو: دەبێت بزانین ئێرە کوێیە؟!.

وێنەی رۆحی یەک: ئێمە کێیین؟

وێنەی رۆحی سێ: لەچی جیهانێکەوە هاتوین؟!.

وێنەی رۆحی چوار: دەبێت شتێک بووبێتن؟!.

وێنەی رۆحی دوو: ناکرێت لەم جوگرافیا داخراوەدا بێ هۆکارو هۆ خولقابێتین؟!.

( رۆحەکان پێکەوە سەمایەکی بالییەیی دەکەن)

چی تۆفانێکە ئێمەی هێناوە؟!.

لە دۆژەیەکی ئاگراویدا!!

بێ هەتاوو شێ بووینەتە سێبەر؟

لە شەیتانۆکەی نامرادیدا ؟

(تاریکییەک زومی کامێرا دەگرێتەوەو فەزا دادەپۆشرێت).

(موزیکی دوای مەرگەسات).

# 5

(موزیکی خۆدۆزینەوە).

(کات، شوێن، زەمەن، جەستە، سیما، بوون، دیاری کراو نییە، فەزای نەبوونە، وێنەی لاپەڕەی کتێبەکان بڵاو دەبنەوەو وێنەی رۆحەکان دەردەخەنەوە، زومی کامێرا دەچێتە سەر وێنەی رۆحی یەک).

دەبێت لە بێدەنگیەکی قوڵدا بمێنینەوە هەتا خۆمان دەدۆزینەوە؟!.

وێنەی رۆحی سێ: کێ لەئێوە شتێکی بیردێتەوە؟!

وێنەی رۆحی دوو: بیرکردنەوە لەچی؟!.

وێنەی رۆحی یەک: دەبێت پرسیار بکەین و هەتا سەرەداوی ئەم مەرگەساتە دەدۆزینەوە؟!.

( لەگەڵ خۆیدا وێنا دەبێت).

کێتان ناوی خۆتان بیرماوە؟!

وێنەی رۆحی سێ: دەبێت ئێمە شوێنەواری دێرینەمان بیر بێتەوە؟!.

وێــنەی رۆحــی دوو: دەبێــت بــزانین لە چــی زەمەنــێکەوە هاتوین؟!.

وێنەی رۆحی یەک: بۆ کوێ دەچین؟!.

وێنەی رۆحی چوار: کێ یەکەم زمان و دەنگ بوو لێرەدا؟!.

وێنەی رۆحی دوو: وێنەی رۆحــی یەک پــێش مــن هــات. پێدەچێت ئەو سەرەتای روداوەکان بزانێت؟!.

(وێنەی رۆحەکان پێکەوە کۆرسێکی گوماناوی دەکەن).

لە دۆژە سارای مەرگەساتەوە

کاروانێک رۆحی بێ بابەو دایە

بێ ناسناوو بوون دەخولێینەوە

جیهان گێژاوو هەرەس و بایە؟!

وێنەی رۆحی یەک: کێ دەزانێت من ناوم چییە؟!

(لەگەڵ خۆیدا وێنا دەبێت).

کەستان شتێک لەسەر من دەزانن؟ ناوو نیشانم چییە؟!.

وێنەی رۆحی دوو: پێدەچێت تــۆ لە خــۆڵەوە تــرەکیبیتەوە؟ یاخود زیندەوەرێکی نوێ بیت؟.

وێنەی رۆحی چوار: رەنگە تۆ هەوێنی بۆگەنی بیت؟!.

وێـــنەی رۆحـــی ســـێ: کەس هەیە بزانێـــت تـــۆ لەچیـــیەوە هاتویت؟!.

وێنەی رۆحی دوو: خۆزگە جانەوەر بویتایە؟!.

وێنەی رۆحی چوار: ئێوەیش لەخۆتان بڕوانن بزانن چین؟!.

(وێنەی رۆحەکان هەمویـان لەگەڵ وێـنەی یەکتریـدا وێنـا دەبن).

وێـــنەی رۆحـــی ســـێ: هەزاران.. وێـــنەی رۆحـــی تـــر لەم مەرگەســـاتەدا هەیە، دەبێـــت وێنایـــان بکەیـــن؟ هەتـــاکو ریشەیەک بۆ رابردومان بدۆزینەوە؟.

وێنەی رۆحی دوو: وێنەی تەزووی دەنگی دەزولەیی دیارن، پێدەچێت ئەم رووبەرە مەحشەری رۆحەکانی بوون بێت؟!

وێنەی رۆحی چوار: مەحشەرو بوون چی واتایەکیان هەیە؟!

وێنەی رۆحی یەک: لەم گۆڕســتانەدا بــوون چــی واتــایەکی تری هەیە؟!.

وێنەی رۆحی سێ: چی هەیە لەم دۆژەیە ئازار بەخــش تــر بێت؟!.

وێنەی رۆحی یەک: پێدەچێت ئێرە سەرەتاو کۆتــایی بــوون بێت؟.

وێنەی رۆحی چوار: مانای مەحشەری کۆتاییەکانە.
وێنەی رۆحی سێ: دەبێت لەکوێوە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی بوون؟.
(رۆحەکان هەموویان کۆرسێک دەکەن).
کوا ناوەڕاست و سەرەتاو کۆتا؟!
جوانی و رۆخسارو سیماو حەقیقەت؟!.
چی هەیە لێرە ناسنامەی هەبێت؟!
جگە لەشارا مەرگی بێ هەیبەت!!
وێنەی رۆحی یەک: هەست بەوێنەی بونەوەران ناکەن؟!.
وێنەی رۆحی دوو: هەست دەکەم بورکانێکی گەردوونی بەڕێوەیە؟!.
وێنەی رۆحی چوار: کێ وشەیەکی بەر لە ئێستای بیر دێتەوە؟!
وێنەی رۆحی سێ: وشەیەک رەنگە نەزانم وشە مانای چیە؟!.
(لەگەڵ وێنەی رۆحەکان وێنا دەبێت):
وێنەی رۆحی سێ: وشە واتای چی دەبەخشێت؟!.

وێـــنەی رۆحـــی یەک: دەبێـــت مانـــای دەنگێـــک بێـــت لەدەممانەوە دێتە دەر؟!.

وێنەی رۆحـی یـانزە: وشـە واتـای مەرگەسـاتی شـاراوەیە، شتێکە ناتوانین دەربڕینی لەسەر بکەین؟!

وێنەی رۆحی سێ: ئای لەم مەرگەساتە؟!

وێنەی رۆحی چوار: جگە لەکۆتایی بوون دەبێـت واتـایەکی تری هەبێت؟!.

(شەپۆلێکی ترسناک فەزا دەگرێتەوە، تەقینەوەی گڕکانێکی گەردوونی وێنەی رۆحەکـان دەشـاردرێنەوە، زومـی کـامێرا دەچێتە سەر جـوتە پـێڵاوەکە، وێـنەی لاپەڕەی کتێبەکـان بڵاو دەبنەوەو وێنەی رۆحەکان دەردەخەنەوە).

(موزیکی مەرگەسات).

# 6

(موزیکی ژیانەوە).

(کات، شوێن، زەمەن، جەستە، سـیما، بـوون، دیـاری کـراو نییە، فەزای نەبـوونە، هەزاران دەنـگ وەک کـورەی هەنـگ بەنوزەیەکی فیزیـایی خەفەوە بەرز دەبـنەوە، زومـی کـامێرا دەچێتە سەر جـوتە پـێڵاوەکە، وێـنەی لاپەڕەی کتێبەکـان بڵاو دەبنەوەو وێنەی رۆحەکان دەردەخەنەوە).

وێنەی رۆحی چوار: ستەمەخۆنەناسینەوە؟!

(لەگەڵ وێنەی رۆحی یەکدا وێنا دەبێت):

وێنەی رۆحی چوار: تۆ ژیانی خۆتت بیرچۆتەوە؟!.

وێنەی رۆحی یەک: من.. من..؟

(لەگەڵ خۆیدا وێنا دەبێت ):

وێنەی رۆحی یەک: دەبێت کێ بم خۆم ناناسمەوە؟!

(وچانێکی کورت):

تۆ چی دەزانیت دەربارەی من؟
وێنەی رۆحی چوار: درۆو، تۆو وێنەی رۆحی پێنج عاشقی یەک نەبوون؟!.
(چەند وێنەی رۆحیکی تر دەردەکەون، وێنەی رۆحی یەک لەگەڵ وێنەی رۆحی پێنجدا وێنا دەبێت):
وێنەی رۆحی یەک: دەبێت من و تۆ عاشق بوو بێتین؟!.
وێنەی رۆحی پێنج: کاممان عاشق یان مەعشوقە بووین؟!.
وێنەی رۆحی یەک: بیر بکەرەوە؟!.
وێنەی رۆحی پێنج: ئای لەم خەوە ترسناکە؟!
وێنەی رۆحی یەک: تۆ بڵێیت من کوڕێکی شۆخ بووبێتم؟!.
( زومی کامێرا دەچێتەوە سەر ژوورێک لەشاری فیفا، وێنەی درۆو وێنەی فینس یەکەم شەوی هاوسەرگیریانە، وێنەی درۆو تارای بوکێنی پۆشیوەو کراسێکی پەمەیی و پانتۆڵێکی شینی لەبەردایە، ملوانکە و گوارەی زێرو دەست بەندێکی لەمەچەکدایە، بەئاڵتونی رازاوەتەوەو وێنەی فینسیش چاکەت و پانتۆڵێکی رەشی لەبەردایە زنجیری هاوسەرگیری لەملدایە).

وێنەی رۆحی چوار: درۆو تۆ شۆخ ترین کوڕی شاری فیفای وڵاتی تۆپی پێ نەبوویت؟!.

وێـنەی رۆحـی یەک لەگەڵ وێـنەی رۆحـی پێنجـدا وێنـا دەبێت):

وێـنەی رۆحـی یەک: بیـرت دێـتەوە چەنـدە نـاو دەمـی یەکتریمان هەڵمژیوە؟!

(وێنەی رۆحی پێنج هەیکەلـی جەسـتەی دێـتە بەر چـاو، عەشقێک لەدڵیـدا دروسـت دەبێـت لەگەڵ وێـنەی رۆحـی یەکدا وێنا دەبێت):

وێنەی رۆحی پێنج: تۆ.. تۆ.. تۆ.. ئەی ئەو کەسەی ژیـانی من دەنوسیتەوە؟!.

وێنەی رۆحی یەک: دەبێت من و تۆ عاشق بووبێتین؟!

وێنەی رۆحی پێنج: ئای ئای چۆن ئەو رۆژانە دێنەوە؟!

وێنەی رۆحی یەک: چۆن عەشق بکەینەوە؟!

وێنەی رۆحـی چـوار: عیشـق نامرێـت ، ئەی بـۆچی لەنـاو ملوێنەها رۆح و دەنگدا (درۆو و فینس) یەکتان گرتەوە؟!.

(وێنەی رۆحی یەک و وێـنەی رۆحـی پێـنج پـێکەوە وێنـا دەبن):

دەبێـــت زەمەنێـــک بـــۆ خـــۆدۆزینەوە و یەک گـــرتنەوە بدۆزینەوە؟!.
وێنەی رۆحی یەک: چۆن دەستت بگرم هەتا لەیەکتری ون نەبینەوە؟!.
(شەپۆلێکی نەبین زومی کامێرا دەشارێتەوە).
(موزیکی نامۆبوون).

# 7

(موزیکی خۆدۆزینەوەی هاورەگەزی).
(کات، شوێن، زەمەن، جەستە، سیما، بوون، دیاری کراو نییە، فەزای نەبوونە، زومی کامێرا دەچێتە سەر وێنەی لاپەڕەی کتێبەکان، وێنەی رۆحەکان دەردەخەنەوە).
(وێنەی رۆحی دوو لەگەڵ وێنەی رۆحی سێدا وێنا دەبێت):
وێنەی رۆحی دوو: پیرز دەتەوێت ژیانت بیر بهێنمەوە؟!
وێنەی رۆحی سێ: ئای لەم ناوەختەیە؟ لەم هەسارەیەی ئێمە تێی کەوتوین؟!.
وێنەی رۆحی دوو: دەبێت لە تەقینەوەی گەردوندا فڕێ درابێتینە هەسارەیەکی دۆژەییەوە؟.
وێنەی رۆحی شەش: دەبێت لە رێی عیشقەوە یەکتری بدۆزینەوە؟!.
وێنەی رۆحی سێ: پێدەچێت ئەم فەزایە خومخانەی ناسینەوە بێت؟.
وێنەی رۆحی دوو: یان تێزابی مەحشەری عاشقانە؟!.

(وێنەی رۆحی شەش، لەگەڵ وێنەی رۆحی سێدا وێنا دەبێت):

وێنەی رۆحی شەش: من و تۆ عاشق بووین تۆ من ناناسیتەوە؟!.

وێنەی رۆحی دوو: ئەوە ڤارە خۆشەویستەکەتە نایناسیتەوە؟!

(وێنەی رۆحی شەش لەگەڵ وێنەی رۆحی دوودا وێنا دەبێت).

شۆل ئەی تۆ یاریزانی شاری فیفای وڵاتی تۆپی پێ نەبوویت؟َ.

وێنەی رۆحی دوو: پێ ناچێت من بووبێتم؟!

وێنەی رۆحی شەش: ئێستا دەتوانیت شتێکت بیر بێتەوە؟!.

وێنەی رۆحی دوو: من.. من .. دەبێت یاریزانی تۆپی پێ بووبێتم؟!

(لەگەڵ خۆیدا وێنا دەبێت):

وێنەی رۆحی دوو: دەبێت من گۆڵێکم کردبێت؟!

وێنەی رۆحی شەش: بیرت نایەتەوە لە مۆندیالدا گۆڵێکی زۆرت کرد بێت؟!.

( زومـی کـامێرا دەچێـتە سـەر وێـنەی شـەقامی سـیکس پرێسی وێنەی شاری فیفـا، وێـنەی چـۆخ و شـۆل دەسـت بەندی هاسەرگیری دەگۆڕنەوە).

وێــــنەی رۆحـــی دوو: دەبێـــت لەیاریگایەكـــدا خۆمـــان بناسینەوە؟!.

وێنەی رۆحی حەوت: وەرە شۆلەكەم نامناسیتەوە؟!

وێــنەی رۆحــی یــانزە: پێــدەچێت خۆشەویســتی کلیلــی کردنەوەی دەرگاكان بێت؟!

وێــنەی رۆحــی چــوار : ناكرێــت تــۆ خۆشەویســتێكت نەبووبێت؟!.

(وێنەی رۆحی یانزە لەگەڵ خۆیدا وێنا دەبێت):

تـۆ بڵێیـت مـن خۆشەویسـتیم کردبێـت؟!، هەسـت نـاكەم زانیبێتم عیشق چییە؟!

(لەگەڵ وێنەی رۆحی چواردا وێنا دەبێت):

وێنەی رۆحی یانزە: بەڕاست عیشق چییەو چۆنە؟!.

وێنەی رۆحی چوار: عیشق مانای توانەوەیە، یـان تـوانەوەی دوو دڵ و رۆحە؟!.

وێنەی رۆحی یانزە: ئەی حەزی مێیینەیەک بۆ نێرینەیەک چییە؟!.

وێنەی رۆحی چوار: هەردووکیانە، لەوە زیاتر واتای تری نییە؟!

وێنەی رۆحی یانزە: کەواتە خۆشەویستی وێنەی رۆحیکمە لەناو وێنەی رۆحیکی تردایە، چۆن لێکیان بکەمەوە؟!

وێنەی رۆحی یەک: دەبێت بزانیت چۆن خۆشەویستەکەت بدۆزیتەوە؟!

وێنەی رۆحی دوانزە: چۆن بتوانین یەکتری بناسینەوە؟.

وێنەی رۆحی سێ: پێدەچێت بۆنکردن نیشانەی دۆزینەوە بێت؟!

(لەگەڵ رۆحەکان وێنا دەبێت):

بزانن کێ توانای بۆن کردنی ماوە؟!

وێنەی رۆحی پێنج: هەر پێنج هەستەکەمان لە دەست داوە، کێ هەیە بتوانێت تام و بۆن بکات؟!.

( وێنەی رۆحی یانزە و وێنەی رۆحی دوانزە، وێنا دەبن):

وێنەی رۆحی یانزە: دەتوانیت بۆنم بکەیت بزانم تۆ خۆشەویستەکەم نیت؟!.

وێنەی رۆحی دوانزە: ئەی تۆ دەتوانیت بۆنم بکەیتەوە ؟!.
(وێنەی رۆحی سێ و وێنەی رۆحی چوار و وێنەی رۆحی پێنج کۆرسێک دەکەن).
تام و بۆن و دەنگ تێزابە رەنگن
مۆمیا بە فەزای مەرگەساتەوە
کوا فریاد رەسێک بانگەشەی پێ بێت
مەرگ و ژیانمان جیا بکاتەوە؟!
(شەپۆلێکی تاریک زومی کامێرا دەشاردرێتەوە).
(موزیکی سەمای مەرگەسات).
(تاریکایی فەزا دەگرێتەوە، بروسکەیەکی ناکاتە شەپۆلی رۆحەکان دەوەستێنێت، زومی کامێرا دەچێتە سەر جوتە پێڵاوەکە، وێنەی لاپەڕەی کتێبەکان بڵاو دەبنەوەو وێنەی رۆحەکان دەردەخەنەوە).
(موزیکی خۆدۆزینەوە).

# 8

(موزیکی یاریکردن بە مەرگ).

(کات، شوێن، زەمەن، جەستە، سیما، بوون، دیاری کراو نییە، فەزای نەبوونە، هەموو دەنگ و رۆحەکان پێکەوە وزەیەکی بەهێز دروست دەکەن، بێدەنگ دەبن، فەزا لە بێدەنگیدا بەدەم تەقینەوەی گڕکانەکەوە دەتوێتەوە، زومی کامێرا دەچێتە سەر جوتە پێڵاوەکە، وێنەی لاپەڕەی کتێبەکان بڵاو دەبنەوە، وێنەی رۆحەکان دەردەکەون).
پێڵاوی چەپ: خاک و خۆڵ دەلەرزێت وەک بورکانێکی تواوەی رۆح و دەنگ و جەستە بوونیان هەبێت؟!.
پێڵاوی راست: هەموو رۆحەکانی بوون لێرەدا کۆبونەتەوە. دەبێت تەقینەوەیەک رویدابێت؟!.

پێڵاوی چەپ: چی ئەفسانەیەکی تۆقینەرە وێنەی دەنــگ و رۆح و ئاماژەوە مێژوی بوون تێکەڵاوبوون؟!.

(وێنەی دەنگەکان ون دەبن، پێڵاوی راست لەپێڵاوی چەپ دەپرسێت):

تۆ هەستیان پێدەکەیت؟!.

پێڵاوی چەپ: هەزاران .. ملوێنان.. نازانم چی گێژاوێکە؟!.

(پێڵاوی راست چەرمەکەی وێنەی وێنەی پرۆفیسۆر دانتــی هەڵگرتــووە چــۆن بەگــرِی تێــزاب لەکــاتی نوســینەوەی پەرتوکەکەدا، توایەوە).

پێڵاوی راست: دەبێت رەنجاندنی خواوەندەکانمان بێــت ئەم تەقینەوە گەردوونییە دروست بووبێت؟!

پێڵاوی چەپ: ئەی رەنجاندنی دڵی خواوەند هەمیشە نەبۆتە مایەی کاول بوون و نەغرۆ بوون؟!.

پێڵاوی راست: دەبێــت رۆڵــی ســەرەکی ئەم نەغرۆبــوونە لە رقی خواوەندەکانەوە سەرچاوەی گرتبێت؟!

(پــێڵاوی چەپ لە نوســـینەوەی دوا بـــڕگەدا، شـــەپۆلەکە گرتیەوە):

پــێڵاوی چەپ: یاســاو زانســت لەســەر کلتــوری شــارێکی ناوەختە قفڵ بوون و ناکرێنەوە؟!.

(زومی کامێرا دەسوڕێتەوە، گەردەلولێک روانــین و دەنــگ و رەنگ تێکەڵاوی گێژاو دەکات، زومی کامێرا دەچێــتە ســەر جوتە پێڵاوەکە، لاپەڕەی کتێبەکان بــڵاو دەبــنەوەو وێــنەی رۆحەکان دەردەخەنەوە).

(موزیکی وێنەی نوسینەوەی مێژوو).

# 9

(موزیکێکی وێنەیی).

(کات، شوێن، زەمەن، جەستە، سیما، بوون، دیاری کراو نییە، فەزای نەبوونە، زومی کامێرا دەچێتە سەر جوتە پێڵاوەکە، وێنەی لاپەڕەی کتێبەکان بڵاو دەبنەوەو وێنەی رۆحەکان دەردەخەنەوە).

وێنەی رۆحی سێ: کێ لەئێوە من دەناسێتەوە؟!

وێنەی رۆحی شەش: شک نابەم هەرگیز تۆم دیبێت؟!

وێنەی رۆحی سێ: دەبێت من پیرز بم؟!.

وێنەی رۆحی دوو: ئەی نازانیت تۆ پێرزیت؟!

وێنەی رۆحی سێ: کەواتە خەڵکی شاری فیفام؟!.

(وێنەی رۆحی سێ لەگەڵ وێنەی رۆحی شەشدا وێنا دەبێت):

تۆ مەعشوقەکەم بوویت؟!.پێدەچێت من و تۆ سێکسمان کردبێت؟!

وێنەی رۆحی دوو: دەبێت سێکستان زۆر کرد بێت؟!.

وێنەی رۆحی سێ: دەبێت هەتا کاتی تەقینەوەکە هەر سێکسمان کردبێت؟!.

وێنەی رۆحی دوو: کارەساتێک بوو کەس نەیزانی چییە؟!

وێنەی رۆحی شەش: بیرت چۆتەوە دەهاتیتە باوەشمەوە هێزی سێکست نەدەما؟!.

وێنەی رۆحی سێ: توانای نێری و مێیمان نەمابوو؟!.

وێنەی رۆحی شەش: بەڵی دەزانم پاشا سەگی دەنارد بۆ ژنان، هەتا نەوە بخەنەوە؟!.

وێنەی رۆحی شەش: دەبێت ئەم خەوە مەرگاوییە چی بێت ئێستا دەیبینینەوە؟!

وێنەی رۆحی دوو: چۆن نێرو مێ بوینە نێرەموک؟!.

وێنەی رۆحی سێ: ئێوە هیچتان بیر نایەتەوە؟!

(وێنەی رۆحی حەوت لەگەڵ وێنەی رۆحی دوودا وێنا دەبێت):

شۆلەکەم، من و تۆیش سێکسمان زۆر کردووە. بزانە شتێکت بیر دێتەوە؟!.

وێنەی رۆحی دوو: پێناچێت من سێکسم کردبێت؟!.

وێنەی رۆحی حەوت: تۆ رەگەزێکم بۆ بدۆزەرەوە؟!.
وێنەی رۆحی هەشت: ئێستا ناتوانن سێکس بکەنەوە؟!.
وێنەی رۆحی حەوت: وەرە با سێکس بکەینەوە، بزانین کێمان نێرەو مێیەین؟!
وێنەی رۆحی دوو: دوو وێنەی رۆحی بێ جەستەین چۆن بتوانین یەک بگرینەوە؟!
وێنەی رۆحی پێنج: لەناو نیشانەکاندا دەتوانن سێکس بکەن، کێتان رۆڵی نێر یان رۆڵی مێ دەبینێت؟!
وێنەی رۆحی دوو: رەنگە لەناو ئاماژەکاندا نێری و مێیمان بگۆڕدرێت؟!.
(وێنەی رۆحی پێنج لەگەڵ وێنەی رۆحی یەک وێنا دەبێت):
وێنەی رۆحی پێنج: وەرە با عیشق و سیکس تێکەلاو بکەین؟.
وێنەی رۆحی یەک: تۆ دەزانیت عیشقی دوو نێرەموک مانای چییە؟!.
وێنەی رۆحی سێ : سەیری ناوگەڵتان بکەن بزانن رەگی نێرینەییتان ماوە؟!.

وێنەی رۆحی پێنج : باشە درۆویەکەم تۆ دەبیتە مێینەو من ببمە نێرینە؟!

وێـــنەی رۆحـــی یەک : دەبێـــت دوای تەقیـــنەوە گەورەکە خۆمان بدۆزینەوە، ئێستا هیچ ئاماژەیەکمان نییە؟!.

(شەپۆلێکی نەبین، زومی کامێرا دەشاردرێتەوە).

(موزیکی سێکسی ناو مەرگەسات).

10

(موزیکی مەرگاوی وێنە لەوێنەدا).

(کات، شوێن، زەمەن،جەستە، سیما، بوون، دیاری کراو نییە، فەزای نەبوونە، زومی کامێرا دەچێتە سەر جوتە پێڵاوەکە، وێنەی لاپەڕەی کتێبەکان بڵاو دەبنەوەو وێنەی رۆحەکان دەردەخەنەوە).

وێنەی رۆحی شەش: هەست بەتەقینەوەیەکی گەورەتر دەکەم؟!.

وێنەی رۆحی دوو: دەبێت تەقینەوەی هەسارەکانی گەردوون تائێستا نەبووبێت؟!

وێنەی رۆحی چوار: پرسیارەکان مەودایان بۆ گومان و بیرکردنەوە نەهێشتۆتەوە ؟!

(وێنەی رۆحی هەشت لەگەڵ وێنەی رۆحی چواردا وێنا دەبێت).

وێنەی رۆحی هەشت: دەبێت من و تۆ یەکتری بناسینەوە؟!.

وێــنەی رۆحــی چــوار: دەبێــت رۆژێــک لە رۆژان یەکمــان بینیبێت؟!

وێنەی رۆحی هەشت: دەبێت بیربکەینەوە؟!.

وێنەی رۆحی ســێ: نازانیــت تــۆ نــاوت دۆنالــدە و ئەویــش سیسان؟!.

وێنەی رۆحی چوار: دەبێت دۆنالدبم.

وێنەی رۆحــی هەشــت:دەبێت ئەگەر سیســان نەبــم کەواتە کێم؟!.

وێنەی رۆحی سێ: بیــر لەو رۆژە بــکەرەوە لەگەڵ سیســان هاوسەرگیریتان کرد؟!.

وێنەی رۆحــی هەشــت: چــۆن بیرکــردنەوە لەبیرچــوونەوەدا دەکرێت؟!

وێــنەی رۆحــی چــوار : وەک بریســکە دێــتەوە بەر چــاوم، نیشانەی هاوسەرێتیم خستە مەچەکتەوە؟!.

وێنەی رۆحی سێ: ئەی فەزاییەکەی فیفا نیشانی نەدان؟!.

(وێنەی رۆحــی ســێ لەگەڵ وێــنەی رۆحــی شەشــدا وێنــا دەبێت):

بیرم دێتەوە فاری دڵ، دەزانیت هەمیشە سەرکێشیت لەگەڵدا دەکردم ؟!

(وێنەی رۆحی دوو لەگەڵ وێنەی رۆحی حەوتدا وێنا دەبێت):

وەرە .. وەرە.. وەک ئەو کاتە لەدڵمدا سەوز بویتەوە، شاشەکان وێنەی من و تۆیان بڵاو دەکردەوە:

(شۆل و چاقی) هاوسەرگیریان کردووە، ئای تۆ بڵێیت ئەو رۆژە ئاڵتونیانە ببینینەوە؟!.

(رۆح و دەنگەکان هەموو باوەش بەیەکدا دەکەن):

کۆرس: دەماری سێکسیمان بۆ مرێنراوە؟!

وێنەی رۆحی شەش: پێدەچێت هەموو شتێک بەجەستەمانەوە سڕدرابێتەوە؟!.

وێنەی رۆحی دوو: دەبێت چاوەڕوانی گەردەلولێک بکەین؟!.

(گێژەڵوکەیەک بەبایەکی ئەزەلییەوە هەموو شتێک دەوەستێنێت، تارماییەکی شاراوە فەزا دەگرێت، دەنگ و وێنە کۆتاییان دێت، زومی کامێرا دەشاردرێتەوە).

(موزیکی چاوەڕوانی).

# 2

## 1

(موزیکی وێنەیی دەنگ و رۆح).

(کات، شوێن، زەمەن، جەستە، سیما، بوون، دیاری کراو نییە، فەزای نەبوونە، زومی کامێرا دەچێتە سەر جوتە پێڵاوەکە، وێنەی لاپەڕەی کتێبەکان بڵاو دەبنەوە، تەقینەوەی فۆتۆناتی گەردوون، تەلیسمێکی ئەفسانەیی فەزا دەگرێتەوە، وێنەی پێڵاوەکان لەکۆتایی زەمەن و پشتە بوونەوە دێنەوە ناو بوون، رەمزی نیشانەکانی بوون هەڵدەگرنەوە):

پێڵاوی چەپ: هاوکێشە فیزیاییەکان هەڵە کەوتنەوە؟!.

پێڵاوی راست: دەبوو گەردوون تەقینەوەی گەورەتر بەخۆیەوە ببینێت؟!.

پێڵاوی چەپ: ئەی بۆچی نەیبینی؟!

پێڵاوی ڕاست: ئەی ڕەنگەکان تێکەڵاوی بێ ڕەنگی نەبوون؟.

پێڵاوی چەپ: کەواتە سەر لەنوێ گەردوون دروست دەبێتەوە؟!.

پێڵاوی ڕاست: نیشانەکان ئەوە دەردەخەن لەناوەختەدا تەقینەوەیەکی گەورە دروست بووە؟ یاخود پرسیارێکی ئەزەلی هەیەو وەڵامی نییە؟!.

پێڵاوی چەپ: پێدەچێت گەردوون تەقینەوەیەکی نادیاری کردبێت؟!

پێڵاوی ڕاست: تەقینەوەی گەردوونی لەدوای خۆیەوە دروست نابێتەوە؟!

پێڵاوی چەپ: ناکرێت بوون لەنەبوونی گەردوونەوە دروست ببێتەوە؟!.

پێڵاوی ڕاست: نیشانەکان ئاڵۆزن، هەرساتە ڕەنگێک هەڵدەگرن و ناناسرێنەوە؟!.

پێڵاوی چەپ: ناکرێت گریمانەی بوون و نەبوونی لەسەر دیاری بکەین؟!.

پــێڵاوی راســـت: لاپەرەكـــانی زانســـتیش ســـوتان، هـــیچ ئاماژەیەكمان دەست ناكەوێتەوە؟!.

پێڵاوی چەپ: مێـژووی شـارەكەیش هەر قەقنەسـە، چـۆن بتوانرێت زەمەن بخوێندرێتەوە؟!

(بەتەوژمێكـی بەهێـزەوە، لاپەڕەی كتێبەكـان بڵاودەبـنەوە، فەزا دەشێوێت، بەدەنگی هەزارەهـا نەبیـنەوە زومـی كـامێرا دەشاردرێتەوە).

(موزیكی زەمەنی مەرگ).

# 2

(موزیکی وێنەیی).

(کات، شوێن، زەمەن، جەستە، سیما، بوون، دیاری کراو نییە، فەزای نەبوونە، شەپۆلێکی نەبین، زومی کامێرا دەچێتە سەر جوتە پێڵاوەکە، وێنەی لاپەڕەی کتێبەکان بڵاو دەبنەوەو وێنەی رۆحەکان دەردەخەنەوە).

وێنەی رۆحی سیانزە: جارێکی تر لەنەبوونەوە هاتینەوە ناو بوون، رەنگە تێکەڵاویەک لەنێوانی بوون و نەبووندا هەبێت؟!.

وێنەی رۆحی سێ: هیچ هەستێک نایدۆزێتەوە؟!

وێنەی رۆحی نۆزدە: نادۆزرێتەوە؟!

وێنەی رۆحی هەشت: گەردوون شێواوە، گرێ کوێرەکانی ناکرێنەوە؟!

وێنەی رۆحی نۆزدە: کەوتوینەتە ناو پانتاییەکی ئەفسوناویەوە سەرەداوێک نادۆزینەوە؟!.

وێنەی رۆحی یانزە: بەپێی تیئوری فیزیایی ملیارەها ساڵیان پێدەچێت، نازانرێت تا ئێستا چەند ملیارمان بڕیوە؟!

وێنەی رۆحی سێ: لەوە دەچێت زانست قفڵ بووبێت؟!.

وێنەی رۆحی بیست: مانای چەند ملیار ساڵ لەم تەقینەوانەدا دەبین؟ّ!.

وێنەی رۆحی حەوت: كێ دەڵێت تەقینەوە گەردوونیەكە بووە؟!.

وێنەی رۆحی سێ: ئێمە چەند ساتێكە لێرەداین، كێ دەزانێت ئێمە لەچی زەمەنێكداین؟!.

وێنەی رۆحی پێنج: كەس ناوی ساڵ و زەمەن و كاتژمێر دەزانیت؟!.

وێنەی رۆحی بیست: كاتژمێر هەشتاو پێنجی ساڵی یانزە هەزارو بیست و پێنج. یان بیست و هەشتە؟!.

وێنەی رۆحی نۆزدە: هەزار كاتژمێرە من چاوەڕوانی دەكەم زمانم بۆ بگەڕێتەوە؟!.

وێنەی رۆحی بیست: كەواتە ساڵ یانزە هەزارو بیست و پێنجە؟!.

وێنەی رۆحـــی حەوت: رەنــگە تــۆ ســاڵ و رۆژت لــێ تێـک چوبێت؟!.

وێنەی رۆحی دوو: کەس نازانێــت ســاڵ رۆژ و رۆژنامەکــان چیان تێدایە؟!.

وێـــنەی رۆحـــــی نـــۆزدە: لە نـــازەمەنی زەمەن و نـــابوونی بووندایین.کڵافەی زەمەن بەکێ دەدۆزرێتەوە؟!

(تاریکییەک دەکشێت رۆحەکــان ون دەبــن، زومــی کــامێرا دەشاردرێتەوە).

(موزیکی دوای مەرگەسات).

3

(موزیکی وێنەیی ڕەگەز).

(کات، شوێن، زەمەن، جەستە، سیما، بوون، دیاری کراو نییە، فەزای نەبوونە، زومی کامێرا دەچێتە سەر جوتە پێڵاوەکە، لاپەڕەی کتێبەکان بڵاو دەبنەوەو وێنەی ڕۆحەکان دەردەخەنەوە).

وێنەی ڕۆحی پانزە: من مێردەکەمم لێ ون بووە، سەگێکی ڕەشە وەک شێر وایە، کێ لەئێوە ناونیشانێکی دەزانێت؟!.

وێنەی ڕۆحی نۆزدە: مێردەکەی سەگێکی ڕەشە ئای چی جانەوەرێکە هاتووە؟!.

وێنەی ڕۆحی شەش: ناکرێت من مێردەکەت بم ئەی ژنی شۆخ ؟!

وێنەی رۆحی چوار: من دەبمە مێـردی، وەرە ژنە شـۆخەکە ئەی تۆ حەزت لەمن نییە؟!

وێنەی رۆحی بیست و یەک: سەگ بە هێزترن لە سـێکس کردندا، لەبەر ئەوەیشە ئەم خانمە عاشقی سەگ بووە؟!

(وێنەی رۆحی بیست و یەک لەگەڵ وێنەی رۆحی پـانزەدا وێنا دەبێت):

وێنەی رۆحی بیست و یەک: خانمەکەم وایە؟!.

(وێنەی رۆحی پانزە: تۆ چی حەدێکـت هەیە بە مێـردەکەم ببیت؟!.

وێـنەی رۆحــی چــوار: دیـارە مێـردەکەت چێـژی زۆری داویتەتێ ناکرێت لەبیری بکەیت؟!.

وێنەی رۆحی پانزە: بیرم دێت سپڵەیەکی وەحشـی مێـردم بوو، هەمیشە پێم دەگوت: بۆچی ناپاکیم لەگەڵ دەکەیت؟!.

(لەگەڵ وێنەی رۆحی هەشتدا وێنا دەبێت):

تــۆ.. تــۆ..بیرت دێــتەوە، چــی ناپاکییەکــت لەگەڵ هاوسەرەکەتدا کردووە؟!

(شــەپۆلێکی نەبــین فەزا دەگــرێتەوە، رۆحەکــان درِ بەو تاریکییە دەدەن).

وێنەی رۆحی چوار: وەرە ژنی شۆخ من دەبمە مێـردی تـۆ، وەرە ئەگەر حەزت لە سێکسە با سێکس بکەین؟!

وێنەی رۆحی پانزە: بـڕۆ.. بـڕۆ.. بـزانە کـێ هاوسـەری تـۆ بووە؟!.

وێـنەی رۆحـی چـوار: ئەم کۆتـایی بـوونە شـێوەو روانینـی گۆڕیوم؟ من نازانم چیم؟!.

وێنەی رۆحی پانزە: تۆ ئەی دۆنالدی کـوڕە شـۆخی شـاری فیفا بوویت، ئەی هاوسەرگیریت لەگەل سیساندا نەکرد؟!.

(زومی کامێرا دەچێتە سەر وێنەی رۆحی حەڤدە، دێتە نـاو فەزاکەوە).

وێـــنەی رۆحـــی حەڤـــدە: گەردوون تەقیـــوەتەوە، یـــان لەتەقینەوەدایە؟!

وێنەی رۆحی نۆزدە: ئەی تۆ چی زانیاریەکـت هەیە لەسـەر تەقینەوەی گەردوون؟!.

وێـــنەی رۆحـــی حەڤـــدە: بەپێـــی تیـــۆری فیزیـــایی لەتەقینەوەدایە؟!.

وێنەی رۆحی پانزە: ئێستا هەموو شتێک لەتوانەوەدایە کـێ دەتوانێت شیکردنەوەیەکی بۆ بکات؟!.

وێنەی رۆحی سـیانزە: شـارێک هەبـووە بەپێـی دیاردەکـان ناوی فیفا بووە، کێ بیرەوەریەکی بیر دێتەوە؟!.

وێنەی رۆحی حەڤدە: کەس هەیە بزانێت فیفا چییەو چۆن بووە؟!.

(تاریکیەکی نادیار زومی کامێرا دەشارێتەوە، وێـنەی رۆح و دەنگ ون دەبن).

(موزیکی رەوی بیابانە قوڵەکان).

# 4

(موزیکی وێنەیی تێکەڵە رەگەز).

(کات، شوێن، زەمەن، جەستە، سیما، بوون، دیاری کراو نییە، فەزای نەبوونە، فەزا بە تەوژمێکی ناوەختە روناک دەبێتەوە، زومی کامێرا دەچێتە سەر جوتە پێڵاوەکە، وێنەی لاپەڕەی کتێبەکان بڵاو دەبنەوەو وێنەی رۆحەکان دەردەخەنەوە).

وێنەی رۆحی شانزە: کێ لەئێوە ئەسپێکی سپی بەڵەکی بینیوە؟!

وێنەی رۆحی چوار: بۆ مێردەکەت ئەسپ بووە؟!.

(زومی کامێرا دەچێتەوە سەر وێنەی شاری فیفا، ژنەکە لەسەر چرپایەکی لار پاڵ کەوتووە، ئەسپەکە هەردوو دەستی لەسەر شانیەتی ).

وێنەی رۆحی شانزە: مێردەکەم چیت لێهات، دەشێت لەم نەبوونەدا وێنەی تۆ بدۆزمەوە؟!.

(زومی کامێرا دەچێتە سەر چەند وێنەیەکی دەنگی تێکەڵاو لەحەپەی سـەگ و حـیلەی ئەسـپ و دەنگـی مەیمـون و نەعرەتەی شێر):

هاوسەرەکەم.. هاوسەرەکەم..

(وێنەی دەنگی سێ سەگێکە):

ژنەکەم چی لێهاتووە؟!

وێـنەی رۆحـی پـانزە: وەرە ئۆسـۆ خۆشەویسـتەکەم وەرە، دەبێت من نەناسیتەوە؟!.

(زومی کامێرا دەچێتە سەر ژوورێک لەشاری فیفـا، وێـنەی رۆحی پانزە پاڵ کەوتووەو سەگەکە تەکانی لێدەدات، چەنـد جار خـۆی دەگۆڕێـت لەسـەر لاو لەسـەر سـکیش هەردوو دەسـتی دەخـاتە سـەر شـانی و لەسـەر پشـتیش هەمـان چەشن. وێنەی حەپەی سەگەکە بەرز دەبێتەوە).

وێنەی رۆحی پانزە: رەنگە کەوتبێتینە ناو زەمەنی توانەوەوە، پێدەچێت ئەویش بەم تەقینەوەیە توابێتەوە؟!

(وێـنەی دەنگـی چـوار حـیلەی ئەسـپێکە، لەگەڵ وێـنەی رۆحی شانزەدا وێنا دەبێت):

وێنەی رۆحی شانزە: وەرە مێردی خۆم بۆچی تۆ من ناناسیتەوە؟!.

(بێدەنگی، موزیکێکی کورت):

وێنەی رۆحی شانزە: من ئێستایش ناوگەڵم دەچوزێتەوە، دەبێت چەند چرکەیەک بێت جیابووبێتینەتەوە؟!

وێنەی دەنگی یەک: کەواتە زەمەنی تەقینەوەکە لەناو گەڵی ئەم خانمەوە دیاری بکەین، پێناچێت لە دەچرکە زیاتر ببێت؟.

وێنەی رۆحی پێنج: نیو کاژێرە خانم تامی کێری ئەسپەکەی دەکاتەوە مانای نیو کاژێر زیاتر نیە؟!

وێنەی رۆحی شانزە: نا..نا تەنها چارەکێک دەبێت، ئێستایش تامی ماچەکەی لەناو دەممدایە. نابینن بەو تامەوە خومار بووم؟!.

وێنەی رۆحی پانزە: منیش دەبوو هەموو جارێک دولکەیەک ئاوم بەسەگەکەدا بکردایە ئەوسا لێک دەبووینەوە؟!

(لەگەڵ خۆیدا بەخەمەوە وێنا دەبێت):

کەی بتبینمەوە مێردەکەم؟!.

وێنەی رۆحی نۆزدە: خانمەکە من مێردەکەتم وەرە باوەشمەوە، ناکرێت سەگێک هاوسەری تۆبوبێت؟!.
وێنەی رۆحی پانزە: تۆ لەخۆت بڕوانە بزانە پیاویت یان ژن؟!.
وێنەی رۆحی چوار: کێ هەیە نێرەموک نەبێت؟!.
وێنەی رۆحی شانزە: پێناچێت من ژن بم؟!.
وێنەی رۆحی بیست: لەخۆت بڕوانە بزانە چیت لێ بەسەر هاتووە؟!.
(شەپۆلێکی نەبین زومی کامێرا دەچێتە سەر جوتە پێڵاوەکە، لاپەڕەی کتێبەکان بڵاو دەبنەوە).
(موزیکی خەساندنی رەگەزی).

# 5

(موزیکی زەمەن دابڕان).

(شـــەپۆلێکی نەبـــین دێـــت دەنگەکـــان دەردەکەون و ون دەبنەوە، زومی کامێرا دەچێتە سەر جوتە پێڵاوەکە، لاپەڕەی کتێبەکان بڵاو دەبنەوەو وێنەی رۆحەکان دەردەخەنەوە).

وێـــنەی رۆحـــی ســـێ: کەس نەیزانـــی لەچـــی زەمەنێکـــدا کەوتوینەتە خوارەوە؟!.

وێـــنەی رۆحـــی چـــوار: ئەو دوو خـــانمە ئاڵۆشـــیان هەیە، پێدەچێت تازە لە سێکس بووبێتنەوە؟!

وێنەی رۆحی سێ: رێچکەیەک لەم خانمـانەوە دەدۆزیـنەوە هەتا بزانین زەمەنی تەقینەوەکە کەی دروست بووە؟!.

وێنەی رۆحی شانزە: نازانم چی هەرەسێک بـوو هـات؟!چی تۆفانێک بوو، منی لە مێردەکەم جیا کردەوە؟!.

وێنەی رۆحی پانزە: مێردە رەشەکەم، ئـازارێکی داوم سـکم ژان دەکات.

وێنەی رۆحی شـەش: ژانـی سـێكس لەچەنـد چـركەیەک تێپەڕی نابێت؟!.
وێنەی رۆحی سێ: ئەم خانمانە بوون بە ئافاتی بوون؟!.
(شەپۆلێكی نەبـین، زومـی كـامێرا دەچێـتە سـەر جـوڵەی وێنەی رۆحەكان و دەشاردرێتەوە).
(موزیكی زەمەن قڕان).

# 6

(موزیکی کۆتایی).

(کات، شوێن، زەمەن، جەستە، سـیما، بـوون، دیـاری کـراو نیـیە، فەزای نەبـوونە، زومـی کـامێرا دەچێـتە سـەر جـوتە پێڵاوەکە، وێنەی لاپەڕەی کتێبەکان بڵاو دەبـنەوەو وێـنەی رۆحەکان دەردەخەنەوە).

وێنەی رۆحـی یەک: ئەو دوو خـانمە لە فەزایەکـی تـرەوە هاتون، لەگەڵ زەمەنی ئێمە یەک ناگرنەوە؟!.

وێنەی رۆحی چوار: کێ دەڵێت ئەوانە زیندەوەرو شـەیاتینی نین؟!.

وێنەی رۆحی سـێ: دەبێـت ئـێمە لەگەڵ تەقیـنەوەکەدا لە دایک بووبێتین؟!

وێنەی رۆحی یەک: کەسیش نازانێت زەمەنـی تەقیـنەوەکە دیاری بکات؟!

وێـــنەی رۆحـــی چـــوار: دەبێـــت مێـــردی ئەو خانمـــانە بدۆزینەوە؟!.
وێنەی رۆحی پێنج: کێ دەزانێت کێ مێردی منە؟!.
وێنەی رۆحی پانزە: تۆ نێرەموکیت نە مێردت هەیە نەژن؟!
(رۆحەکـــان پـــێکەوە کۆرســـێک دەکەن بە مـــوزیکی سەرسورِمانەوە).

رۆح و بوون و هۆش تواوەتەوە
نەسیماو جوانی بەهایان ماوە؟!
تۆوی رەگەزییش خەسیوو مردو
کوا خومخانەیەک بمانشواتەوە؟!.

وێـنەی رۆحـی شـەش: دەبێـت بچیـنەوە بـۆ سـەرەتای تەقینەوەکە؟!.
وێنەی رۆحی نۆزدە: مێـردی ئەو خانمەیـان سـەگە و هـی ئەوی تریشیان ئەسپە، دەبێت ئەوانە مرۆڤ بن؟!.
وێنەی رۆحی حەڤدە: دەبێت ئێوە رەگەزە شـەهوەت بـن و رەگەزی نێری و مێیتان لەدەست دابێت؟!.
وێنەی رۆحی بیست: دەبێت بەچکەکانیان چی بێت؟!

وێنەی رۆحی شەش: سەگۆلەو ئەسپۆلە، یان دەبێت هەر سەگ و ئەسپ بێت؟!.

(وێنەی رۆحی چوار لەگەڵ وێنەی رۆحی پانزە و شانزە وێنا دەبێت):

خانمەکان ئێوە بەچکەتان نەبووە لە مێردەکانتان؟!.

( وێنەی هەردوو خانمەکە دەپەشۆکێن).

وێنەی رۆحی شانزە: بەڵی وێنەی کۆرپەیەکی جوانم هەبوو، ئای..ئای..هەمبوو.. نازانم چی لێهات؟!

وێنەی رۆحی پێنج: رەگەزی چی بوو؟!.

وێنەی رۆحی شانزە: وێنەی ئەسپ بوو وەک وێنەی باوکی، نازانم بۆچی لەگەڵ لە دایک بوونیدا گیانی دا؟!.

(وێنەی رۆحی نۆزدە لەگەڵ وێنەی رۆحی پانزەدا وێنا دەبێت):

ئەی خانمەکە تۆ وێنەی بەچکەت نەبوو لە وێنەی مێردە رەشەکەت؟!

وێنەی رۆحی پانزە: چوار بەچکەم بوو بەیەک سک، هەموویان مردن، پزیشک گوتی: بەچکەت ببێتەوە دەمریت، ئای چی چارە رەشیەک بوو تێی کەوتم؟!.

وێنەی رۆحی حەوت:دەبێت وێنەی بەچکەکانیان لەرەگەزی مرۆڤ نەبێت، ناکرێت بەچکە نەچێتەوە سەر مۆخ؟!.

(وێـــنەی رۆحـــی پـــانزە: ئەمـــانە لە خومخـــانەی نارەگەزیـــدا شۆرانەوە، وێنەی نێرەموکەکانی فیفان، خۆیان ناناسنەوە؟!

(تاریکیەک زومی کامێرا دەشارێتەوە).

(موزیکی نارەگەزی).

# 7

(موزیکی فیفا).

(کات، زەمەن، دیاری کراو نییە، زومی کامێرا دەچێتە سەر جوتە پێڵاوەکە، وێنەی لاپەڕەی کتێبەکان بڵاو دەبنەوە.
دیمەنێکی هەڵگەڕاوەی یۆتۆبی، وێنەی یاریگای گۆڕەپانی تۆپی پێی شاری فیفا، هەردوو وێنەی تیپی فیفاو تۆفا یاری دەکەن، گۆڵی یەکسان بوون کراوە، وێنەی بینەران لەیەکتری دەپرسنەوە:
تۆیش بویتەتە نیرەموک؟!
من تواومەتەوە ئەی تۆ؟!.
(وێنەی شاری فیفا وەک زەریای بۆمبی نەوەوی لێدێت، هەموویان دەبنە نێرەموک، نەخۆشخانەکان نەخۆش دەردەکەن، وێنەی پزیشکەکان هاوار دەکەن):
نەخۆشیەکە سارییە هەموومان تووش بووین هیچ چارەسەرێکی بۆ نییە؟!.

(وێـــنەی خەڵکـــی یەک یەک شـــۆرتەکانیان فـــڕێ دەدەن و لەیەکتری دەپرسنەوە):

بزانە تۆیش بویتەتە نێرەموک؟!.

(تیفییەکـــان وێـــنەی خەڵـــک بـــڵاو دەکەنەوە، دەتـــوێنەوەو دەبوونە نێرەموک، وێنەی بێژەرەکانیش بانگەشە دەکەن:

وێنەی بێژەران: هیچ زانـا و زانســتێک نازانیــت ئەم گێــژاوە چۆن ئەم شارەی هەمووی کرد بەنێرەموک؟!

(ئـــاژێری شـــەمەندەفەر و لـــورەی ئۆتۆمـــۆبێلی فریـــاکەوتن و ورەی فرۆکە و تیژ ڕەوی تێکەڵاودەبن):

کێ هەیە نەبووبێتە نێرەموک؟!

(تەقینەوەیەکی گەردوونی، تـوانەوە فەزا دەگـرێتەوە، زومـی کامێرا دەشاردرێتەوە)؟!

(موزیکی تۆپی پێ).

# 8

(موزیکی وێنا بوون).

(کات، شوێن، زەمەن، جەستە، سیما، بوون، دیاری کراو نییە، فەزای نەبوونە، شەپۆلێکی ترسناک فەزا دەگرێتەوە، زومی کامێرا دەچێتە سەر جوتە پێڵاوەکە، وێنەی لاپەڕەی کتێبەکان بڵاو دەبنەوەو وێنەی رۆح و دەنگەکان دەردەخەنەوە).

وێنەی رۆحی حەوت: وێنەی دەنگی بەچکەکانی ئەو خانمە دیاربوو بۆ دایکیان دەگەڕان؟!.

وێنەی رۆحی هەشت: لەپڕ توانەوە، لەوانەیە بەیەکجاری مردبێتن؟!.

وێنەی رۆحی یانزە: وێنەی دەنگی سەگێکی رەشیش دەهات، وەک ئەوەی بەدوای ئەو خانمەدا بگەڕێت؟!

وێنەی رۆحی هەشت: وێنەی دەنگی حـیلەی ئەسـپێکیش دەرکەوت، وەک ئەوەی بۆ خۆشەویستێکی بگەڕێت؟!.
وێنەی رۆحی یانزە: هەمـوو وێـنەی دەنگەکـانی خسـتبووە سەر پرسیاری سەرسسوڕهێنەر؟!
وێنەی رۆحـی نـۆ: دیـار بـوو وێـنەی ئەو مەیمـونەیش بـۆ ژنەکەی دەگەڕا؟!
وێنەی رۆحـی نـۆزدە: ژنەکـان هەموویـان شـویان کـردووە بەسەگ و ئەسپ و مەیمون، ئەمەیە زەمەنی قفڵ کـردووەو ناکرێتەوە؟!
وێنەی رۆحی سێ: ئەفسانەیەکە کلیلی نییە؟!.
وێنەی رۆحی پانزە: من گوێم لەقیـژەی مێـردەکەمە، هاکـا هات و باوەشی پیاکردمەوە؟!.
(تاریکیەک زومی کامێرا دەشارێتەوە).
(موزیکی رەوی بیابان).

# 3

## 1

(موزیکی بیابانی لم).

(کات، شوێن، زەمەن، جەستە، سیما، بوون، دیاری کراو نییە، فەزای نەبوونە، شەپۆلێکی ترسناک دێت، زومی کامێرا دەچێتە سەر جوتە پێڵاوەکە، وێنەی لاپەڕەی کتێبەکان و وێنەی رۆح و دەنگەکان دەردەخەنەوە، وێنەی دەنگی چوار ئەسپێکە):

وێنەی دەنگی چوار: دەبێت یەکێک لە ئێوە ژنی من نەبووبێت؟!

وێنەی رۆحی چوار: بزانە ئەو دوو ژنە کامیان ژنەکەی تۆیە؟!.

(وێنەی دەنگی سێ حەپەی سەگێک):
لەکتوپڕییەکدا ژنەکەم دیار نەما، وەک ئەوەی تۆفان هەڵیگرتبێت؟!.
وێنەی رۆحی پانزە: مێردەکەم لەدووریشەوە بەبۆن دەیدۆزیمەوە، ئەگەر لێرە بوایە چۆن نەیدەناسیمەوە؟!.
( وێنەی رۆحی چوار لەگەڵ وێنەی دەنگی سێدا وێنا دەبێت):
بزانە ئەوە ژنەکەت نییە؟!
دەنگی سێ: ژنەکەم بەبۆنی عارەق و گڕی شەهوەتی گێژی دەکردم، ئیستا هیچ بۆنێکی ناکەم؟.
وێنەی رۆحی پانزە: دەبێت تۆ مێردەکەم بیت؟!
وێنەی دەنگی سێ: تۆ سەرلێشێواوی مێردەکەت گرتویتی؟!.
وێنەی رۆحی پانزە: هیچ نیشانەیەکت لەمن پێ نییە ئیتر چۆن بتناسمەوە؟!.
وێنەی رۆحی چوار: لەوە دەچێت بۆن و سۆزمان لەدەست دابێت؟!.

وێنەی رۆحی حەوت: بزانن نیشانەیەکتان لە یەکتری پێ نییە؟!

وێنەی رۆحی پانزە: دەست بەندو زنجیری زیوم بۆ کڕی بوو، ددانەکانم بەفلّچە بۆ دەشت، دەبێت ئەمە لەکەلاوەکاندا گەورە بووبێت؟!

وێنەی دەنگی سێ: ئەگەر تۆیش ژنم بویتایە باوەشت پێدا دەکردمەوە، بەڵام هەرگیز تۆ ناناسمەوە؟!.

(لەگەڵ وێنەی رۆحی پانزەدا وێنا دەبێت):

وێنەی دەنگی سێ: خانم تو ناوگەڵی مێردەکەتت دەلستەوە؟!.

وێنەی رۆحی پانزە: بڕۆ ژنەکەت بدۆزەرەوە؟!

وێنەی دەنگی سێ: بزانە تۆ بۆنم دەکەیتەوە؟!

وێنەی رۆحی پانزە: نازانم بۆنی سەگم لێ دێت؟!.

وێنەی رۆحی حەوت: وەرن بۆن بەو خانمەوە بکەن؟!

وێنەی رۆحی بیست: دەبێت بۆن کردن بوونی مابێت؟!.

وێنەی رۆحی نۆزدە: کەسێک هەیە بتوانێت بۆن بکات؟!

وێنەی رۆحی شانزە: هەر پێنج هەستەکە وەستاون، چۆن بتوانین بیانهێنینەوە؟!.

وێنەی دەنگی سێ: .کەستان بۆنی ژنێک ناکەن بۆنی منــی گرتبێت؟!.
(وێنەی رۆحــی پێــنج لەگەڵ وێــنەی رۆحــی پــانزەدا وێنــا دەبێت): وێنەی رۆحــی پێــنج: بــزانە پەڵەی شــەهوەتی ئەو سەگە لەناو گەڵتا ماوە؟!.
وێــنەی دەنگــی حەوت: هێڵــنج بــدە، بــزانە تــامەکەی ناهێنیتەوە؟!.
وێــنەی رۆحــی پــانزە: ئێــوە دەتــوانن بــۆنی شــەهوەتەکە بکەنەوە؟!.
وێنەی رۆحی چوار: خانم لەوە ناچێت تۆ هیچ بۆنێکــت لــێ نایەت؟!.
وێنەی رۆحی نۆزدە: لەوە دەچێت جەستەی توابێتەوە؟!.
وێنەی رۆحی بیست: پێدەچێت بووبێتینەتە جانەوەر؟!.
( زومی کامێرا دەشاردرێتەوە بەتاریکی).

( موزیکی خەساندن).

# 2

(موزیکی نارەگەزی ناو مەرگەسات).

(کات، شوێن، زەمەن، جەستە، سیما، بوون، دیاری کراو نییە، فەزای نەبوونە، زومی کامێرا دەچێتە سەر جوتە پێڵاوەکە، وێنەی لاپەڕەی کتێبەکان بڵاو دەبنەوەو وێنەی رۆح و دەنگەکان دەردەخەنەوە).

وێنەی رۆحی پانزە: دەبێت ئێستا مێردەکەم لەچی خاکێکدا چاوەڕوانیم بکات؟!.

وێنەی دەنگی سێ: رەنگە ژنەکەی منیش لەخۆشەویستیدا توابێتەوە؟!

(وێنەی رۆحی حەوت، لەگەڵ وێنەی رۆحی نۆزدەدا وێنا دەبێت):

وێنەی رۆحی حەوت: تۆ ببە بەدادوەر دادگایی ئەو ژن و مێردە بکە، بزانە پێک نایەنەوە؟!.

وێــــنەی رۆحـــی نــۆزدە: دەبێــت دادگــاییەکی شــەقامیانە بکەین؟!.

وێــــنەی رۆحـــی حەوت: لێـــرە هـــیچ یاســـاو ریســـایەک نابینرێتەوە؟!.

وێنەی رۆحی نوزدە: من چۆن دادگاییان بکەم؟!

وێــنەی رۆحــی بیســت: دادگــایی شــەقامیانە لەم دۆزەخەدا چۆن دەکرێت؟!.

وێنەی رۆحی نۆزدە: یاسا دادگایی نێـوان مـرۆڤ و ئـاژەڵی تیادا نییە؟!.

وێــنەی رۆحــی شــانزە: ئەی نــاتوانن یاســایەک لەو جــۆرە دابرێژن؟!.

وێنەی رۆحــی چــوار: هــیچ یاســایەک لەو شــێوەیە نەبــوەو نابێت؟!.

وێنەی رۆحی پانزە: مافی یاساییمان هەیەو مرۆڤین، ناتوانن یاسایەکی تایبەت بەئێمە دروست بکەن؟!

وێنەی دەنگی چوار: منیش هاوسەرەکەم مرۆڤە؟!.

( وێنەی رۆحی شانزە خۆی وێنا دەکات لەگەڵیاندا):

وێنەی رۆحی شانزە: ئەی بۆ راستی ناڵێن؟َ

وێنەی رۆحی پانزە: دادوەر یاسایەک بنوسەرەوە؟َ!.
وێنەی رۆحی سیانزە: خانم رەنگە دادوەر کەڕ بووبێت؟َ!.
وێنەی رۆحی نۆزدە: ئەو یاسایە لە دەستوردا بوونی نییە، چۆنی بدۆزمەوە؟!.
وێنەی رۆحی سیانزە: تۆ بەدادوەر دانراوێت، دەبێت دادگاییەکی یەکسانیانە بکەیت، یان دەتوانیت ئەنجامی کارەساتەکان بگریتە ئەستۆ؟!.
وێنەی رۆحی نۆزدە: دوو نێرەموک داوای دادگاییم لێ دەکەن، چۆن بیانکەمە ژن و مێرد؟!
وێنەی رۆحی چوار: خانمەکە تۆ دەتوانیت دڵنیایی بدەیت لەوەی نێرەموک نیت؟!
وێنەی رۆحی بیست: ئەی تۆ سەگە رەشەکە وەرە بزانین دەتوانیت نێرێتی خۆت بسەلمێنیت؟.
(شەپۆلێکی ترسناک، بەدەم هاوار و قیژەی هەزارەهاوە، دەنگ و رۆح، فەزا قفڵ دەبێت، زومی کامێرا دەشاردرێتەوە).

(موزیکی خەساندن).

# 3

(موزیکی تەقینەوە گەردوونییەکە).

(کات، شوێن، زەمەن، جەستە، سیما، بوون، دیاری کراو نییە، فەزای نەبوونە، زومی کامێرا دەچێتە سەر جوتە پێڵاوەکە، وێنەی لاپەڕەی کتێبەکان بڵاو دەبنەوەو وێنەی رۆح و دەنگەکان دەردەخەنەوە).

پێڵاوی راست: شەپۆلی جەستە تیایدا توانەوە، لێرەدا بوو گومان لەبوون دەکرا؟!.

(لەگەڵ پێڵاوی چەپ وێنا دەبێت):

تۆ هیچت بیر دێتەوە؟!.

پێڵاوی چەپ: لەگەڵ تەقینەوەکەدا، قاچی من دەرهات و نەمزانی چۆن توایەوە؟!.

پێڵاوی راست: زانست و مێژوو تێکەڵاوبون و توانەوە، شوێنەوارێکیان بەجێ نەهێشت؟

پێڵاوی چەپ: لەنێوان بوون و نەبووندا هێڵێکی جیاکەرەوە نییە؟!.

پێڵاوی راست: جگە لە هێڵی ئاگر هیچی تر نییە؟!.

(شەپۆلێکی ترسناک فەزای گرتەوە بێدەنگی بە فۆتۆنەوە خەففە کرا، زومی کامێرا دەچێتە سەر دەنگ و تروسکەی وێنەی رۆحەکان، رارفینی وێنەی لاپەڕەی کتێبەکان).

(موزیکی دوای تەقینەوەکە).

# 4

(موزیکی دادوەری مەرگەسات).

(کات، شوێن، زەمەن، جەستە، سیما، بوون، دیاری کراو نییە، فەزای نەبوونە، زومی کامێرا دەچێتە سەر جوتە پێڵاوەکە، وێنەی لاپەڕەی کتێبەکان بڵاو دەبنەوە، وێنەی ڕۆحەکان دەێنەوە بەر زومی کامێرا، فەزای پشتە بوون لە بووندا تیشک دەداتەوە بۆ وێنەی یاریگای شاری فیفا، وێنەی هەردوو تیپی فیفاو تۆفا یاری دەکەن، وێنەی دادوەر دەستی بەرز دەکاتەوەو فیکەی کۆتایی لێدەدات، یاریزانەکان دەچنەوە بۆ ژووری خۆگۆڕین، تیڤییەکەی فیفا ئاژێری ترسناک لێدەدات، وێنەی یاریزانەکان بەپەشۆکاوییەوە لەیەکتری دەپرسنەوە):

وێنەی درۆو: ناوێرم سەیری ناوگەڵم بکەم، نەک منیش بەم نەخۆشییە گرفتاربووبێتم؟َ

وێنەی فینس: دەبێت هەموومان توش بووبێتین؟

وێنەی سیسان: پێناچێت هیچ کەس رزگاری ببێت؟!

وێنەی شۆو: دەبێت چۆخی خۆشەویستم توش بووبێت؟!

( وێنەی شۆو لەگەڵ وێنەی چۆخدا وێنا دەبێت):

ئازیزەکەم تۆ توش بوویت؟!

وێنەی چۆخ: گرەوێکی مەرگاوی بی وەڵامە؟!

(وێـــنەی یاریزانەکـــان بەشـــۆک بـــوونەوە بەرەو هـــوتێلەکە دەچنەوە):

تووش بووین یان توش نەبووین؟!

(فەزا تیشکێکی تـێکەڵاوی سـەر دەچێـت، هەڵـگەڕانەوەی فەزای بوون بۆ فەزای نەبوون، زومی کـامێرا دەچێـتە سـەر فەزای پشتە بوون).

(موزیکی دادوەری ).

# 5

(موزیکی دوای تەقینەوەکە).

(کات، شوێن، زەمەن، جەستە، دیاری کراو نییە، فەزای نەبوونە زومی کامێرا دەچێتە سەر جوتە پێڵاوەکە، وێنەی لاپەڕەی کتێبەکان بڵاو دەبنەوەو وێنەی رۆح و دەنگەکان دەردەخەنەوە).

وێنەی رۆحی دوانزە: دەبێت وێنەی هاوڕێ رۆحییەکەم ببینمەوە، کێ لەئێوە ناونیشانێکی دەزانێت؟!.

وێنەی رۆحی سیانزە: کێ دەڵێت من وێنەی هاوڕێکەت نیم؟!.

وێنەی رۆحی دوانزە: وێـنەی هـاوڕێکەم جـوانترین وێـنەی کوڕانی شاری فیفا بوو دەبێت وێنەی تۆ بووبیت؟!
وێنەی رۆحی دوانزە: دەبێت بیر بکەمەوە؟!
وێنەی رۆحی چواردە: ئەوەندە دەزانم دەست بەندم خسـتە دەستییەوە، ئیتر هیچ ناوو نیشانێکم بیر نایەتەوە؟!
(وێنەی رۆحی پانزەو شانزەو حەڤدەو هەژدەو نۆزدەو بیست و بیست و یەک لەیەکتریان دەپرسییەوە):
کێ خۆشەویستی کێ بووە؟!.
وێنەی رۆحی هەژدە: کێ لە لەژووری یانزەی هوتێـل فیفـا لەگەڵ مندا بووە؟!.
وێنەی رۆحی پانزە: تۆ ژنیت یان پیاویت؟!.
وێنەی رۆحی هەژدە: نابیستیت هەستم بۆ ژن دەجوڵێت؟!.
وێنەی رۆحی نۆزدە: منیش لەو کاتەدا لەهوتێل فیفـا بـووم کێ دەڵێت پێکەوە نەبووین؟!.
وێنەی رۆحی هەژدە:تەقینەوەکە رویـدا و نەمزانـی چیمـان لێهات؟!.
وێنەی رۆحی نۆزدە: کەواتە تۆ ژنەکەی منیت خانمەکە؟!.

وێـــنەی رۆحـــی حەڤـــدە: هـــیچ کۆتـــایی و ســـەرەتایەک نادۆزرێتەوە؟!

وێنەی رۆحی هەژدە: تۆی نێرەموک دەبێـت خۆشەویسـتت هەبووبێت؟!.

وێنەی رۆحی حەڤدە: پێناچێت خۆشەویستم هەبووبێت؟!.

وێنەی رۆحی هەژدە: ئەی تۆ بەهۆی چنگ لێدانی سیکسی مەیمونەوە نەبویتە هەوێنی نەخۆشی شاری فیفا ؟!.

وێنەی رۆحی بیسـت و یەک: کـێ لەئێـوە رەگـی نێـری و مێیی هەیە؟!.

وێنەی رۆحی بیست: ئەی چـۆن بـزانین رەگـی رەگەزمـان بدۆزینەوە؟!.

وێنەی رۆحی بیست و یەک: چۆن بزانین نێرین یان مێ؟!

(زومـــی کـــامێرا دەچێـــتە ســـەر تاریکـــاییەکی گـــڕاوی، تەقینەوەیەکـی خەفـفەی نـاوەختە، فەزا بەگڕێکـی نەبـین دەپۆشـرێت، تیپـی فیفـاو تۆفـا لەگۆڕپـانی یاریگـادا یـاری دەکەن، تەقینەوەکە دووبارە دەبێتەوە)

(موزیکی سیکسی مەرگەسات).

# 6

(موزیکی دەنگ و رۆح).

(کات، شوێن، زەمەن، جەستە، سیما، بوون، دیاری کراو نییە، فەزای نەبوونە، دوو تەقینەوەی ناوەختە، زومی کامێرا دەچێتە سەر جوتە پێڵاوەکە، وێنەی لاپەڕەی کتێبەکان بڵاو دەبنەوەو وێنەی رۆح و دەنگەکان دەردەخەنەوە).

وێنەی رۆحی نۆ: من هاوسەری خۆمم نەدۆزیوەتەوە؟!

(لەگەڵ خۆیدا وێنا دەبێت):

وێنەی رۆحی نۆ: وێنەی ئەسپ و سەگ و ژن بیریان بردینەوە هاوسەرەکانمان لەکوێ ون کردووە؟!.

(لەگەڵ وێنەی رۆحی دەدا وێنا دەبێت):

وێنەی ڕۆحی نۆ: هەست ناکەیت خۆشەویستی من بوو بێتیت؟!.

وێنەی ڕۆحی دە: ببورە لەوە دەچێت نێرەموکێکی می بووبێتم؟!

وێنەی ڕۆحی نۆ: لەمەچەکت بڕوانە بزانە دەست بەندی منت پێ نییە؟.

وێنەی ڕۆحی دە: کێ دەڵێت لەم کارەساتە گەردونییەدا نغرۆ نابینەوە؟!.

وێنەی ڕۆحی نۆ: تۆ حەز ناکەیت هاوسەرگیری لە نغرۆ بووندا بکەین؟!.

وێنەی ڕۆحی دە: مەرگ توانەوەیە هاوسەرگیری چی تیادا بکرێت؟!.

وێنەی ڕۆحی نۆ: حەزم بە ئەوێنێکە لە مەرگدا خۆزگە کەسێک لەمەرگ دروست ببێت؟!.

وێنەی ڕۆحی دە: نازانم چی وەڵامێک بدۆزمەوە؟!

وێنەی ڕۆحی نۆ: وادەزانیت مەرگ ئەوێنی تیادا نییە؟!.

وێنەی ڕۆحی دە: چۆن بیر لەعیشقی مەرگ بکەمەوە.

وێـــنەی رۆحـــی نـــۆ: لەم شـــیعرەدا عیشـــق لەگەڵ مەرگـــدا دەکەم.
(وەرە ســـەهۆڵ بەنـــدانی نـــازەمەن تەونـــی هەزار شـــەوەی گرتوم(...)
بەقەد کۆرپە حەزم لەشیری مردنە
خۆزگە کچێک لەمەرگ دروست بوایە!!
رۆمانی مەرگە عیشقم بەرستەی چاوی چاپ بوایە
ئازیز تۆ بۆ نابیتە مەرگ هەتا خۆشەویستی بکەین؟!!
لەگەردونە مەرگـــی ئێســـتا شۆڕشـــی مـــردووی بـــوون بکەین؟!1).
(شەپۆلێکی نەبین، زومی کامێرا دەشاردرێتەوە).
(موزیکی عیشقی مەرگەسات).

# 7

(موزیکی تێکەڵە ڕەگەز).

(کات، شوێن، زەمەن، جەستە، سیما، بوون، دیاری کراو نییە، فەزای نەبوونە، زومی کامێرا دەچێتە سەر جوتە پێڵاوەکە، وێنەی لاپەڕەی کتێبەکان بڵاو دەبنەوەو وێنەی رۆح و دەنگەکان دەردەخەنەوە، وێنەی رۆحی یەک لەگەڵ وێنەی دەنگی یەکدا وێنا دەبێت):

وێنەی رۆحی یەک: تۆ خۆت دەناسیتەوە؟!

وێنەی دەنگی یەک: چۆن خۆم بناسمەوە؟!.

وێنەی رۆحی یەک: تۆ نەخۆشی ئایدزت بڵاونەکردەوە؟!.

(وێنەی رۆحی یەک لەگەڵ وێـنەی رۆحـی سـیانزەدا وێنـا دەبن).

وێـــنەی رۆحــــی یەک: خـــانم هیلانـــۆ ئەوە مەیمـــونەکەی مێردتە؟!.

وێنەی رۆحی سیانزە: من.. من.. هیلانۆ؟!.

وێنەی رۆحی یەک: لەهوتێل فیفا هاوسەرگیریتان نەکرد؟!.

وێنەی دەنگی یەک: ئەم پرسیارانە بنەمایان نییە؟!.

وێنەی رۆحــی یەک: بیرتـان نـایەتەوە نەخۆشـی ئایـدزتان بڵاوکردەوە؟!

( هەردووکیـان لێـک نزیـک دەبـنەوەو پـێکەوە کۆرسـێک دەکەن):

ئاهەنگمان بردە هوتێلی فیفا

ئایدز لەشەهوەت ریشاڵی هەڵگرت

لە نغرۆ بووندا تێزابە رۆحین

مەرگمان ژین و ژیان مەرگی گرت

(وێنەی رۆحی یانزەو دوانـزە لەگەڵ وێـنەی رۆحـی یەکـدا وێنا دەبن).

دەبێت ئێمەیش هاوسەر بووبێتین؟

وێنەی رۆحی یانزە: بێ گومان دەبێت؟
وێنەی رۆحی نۆ: دەبێت ریشەیەک بدۆزینەوە؟!
(سەمایەکی نەبین دەکات، لەگەڵ وێنەی رۆحی یانزەدا وێنا دەبن):
تۆ میساریت ئەویش لویسی خۆشەویستتە، سەیری خۆتان بکەن بزانن یەکتری دەناسنەوە؟!.
وێنەی رۆحی یانزە: پێ ناچێت رەگەزێکم هەبووبێت؟!
وێنەی رۆحی دوانزە: جگە لەسڕینەوە هیچ ئاماژەیەک نابینمەوە؟!
وێنەی رۆحی پێنج: ئەی چۆن هاوسەر بوون؟!.
(زومی کامێرا دەچێتە سەر وێنەی رۆحی دوو لەگەڵ وێنەی دەنگی دوودا وێنا دەبێت):
وێنەی رۆحی دوو: تۆ ئەو شێرە نیت، لەماڵی خانمە ئۆلانۆ بوویت؟!.
( لەگەڵ وێنەی رۆحی چواردەو دەنگی دوودا وێنا دەبێت):
وێنەی رۆحی دوو: ئەوە ژنەکەتە، بیرت دێتەوە لە راو سواری پشتت دەبوو؟!.

وێنەی دەنگی دوو: کێ دەڵێ ئەوە ژنی من بووە، هەرگیز نایناسمەوە؟!

وێنەی رۆحی چواردە: ئەگەر ئەو مێردەکەم بوایە ئێستا روتی دەکردمەوە؟!.

وێنەی رۆحی حەڤدە: من کەسم بۆ نەمایەوە، دەبێت نێرو مێ نەبووبێتم؟!.

وێنەی رۆحی سێ: تۆو خانم هیلانۆ ئایدز و رەگی نێرەموکیتان بڵاو نەکردەوە؟!

وێنەی رۆحی حەڤدە: خانم هیلانۆ نەخۆشیەکەی هێنا، من تاوانبار مەکە؟!.

(زومی کامێرا دەچێتە سەر وێنەی رۆحی سێ و دەنگ و رۆحەکان):

نەخۆشییەک هاتووە بوونی قفڵ کرد هیچ کلیلێک نایکاتەوە؟!.

(تیشکێکی نەبین فەزا دەگرێتەوە، زومی کامێرا دەشاردرێتەوە).

(موزیکی نارەگەز).

# 8

(موزیکی تۆپی پێی هەورە دیمەن).

(کات و زەمەن دیاری کراو نییە، پشتەبوون هەڵدەگەڕێتەوە بۆ بوون، زومی کامێرا دەچێتە سەر جوتە پێڵاوەکە، وێنەی لاپەڕەی کتێبەکان بڵاو دەبنەوەو وێنەی یاریگای شاری فیفا وێنا دەکات، وێنەی تیپی فیفا و تۆفا یاری دەکەن، تیشکێکی گەردوونی دەکشێت).
وێنەی لویس: میسار دەتوانیت گۆڵێک بکەیت، عیشق و تۆپ تێکەڵاو بکەیت؟!
وێنەی میسار: نازانم چۆن دوو عیشقی ئەبەدی تێکەڵاو بکەم؟!.

(تۆپ لەقاچی میساردایە، لویس دەچێـتە بەردەمـی ئەمـلاو لاو دەکات و دەکەوێت، میسار شوت لەتۆپەکە دەدات بۆ ناو گۆڵ فیک و هاوار بەرز دەبێتەوە).

وێنەی بینەران: گۆڵ بوو، گۆڵ نەبوو؟!.

(وێنەی دادوەر دەچێتە لای ڤـارەکەو سـەیری لایمەنەکـان دەکات: گۆڵا بوو گۆڵ نەبوو؟!

وێنەی بینەران: گۆڵ.. گۆڵ..چۆن گۆڵ نییە؟!

چۆن دەبێت میسار گۆڵ نەکات؟!

وێنەی لویس: چۆن رێگەت لێدەگرم میسار؟!.

(موزیکی گۆڵ ).

# 9

(موزیکی مەرگاوی عیشق).

(زومی کامێرا دەچێتەوە سەر فەزای نەبوون، کات، شوێن، زەمەن، جەستە، سیما، بوون، دیاری کراو نییە، فەزای پشتە بوونە، زومی کامێرا دەچێتە سەر جوتە پێڵاوەکە، وێنەی لاپەڕەی کتێبەکان بڵاو دەبنەوەو وێنەی ڕۆح و دەنگەکەکان دەردەخەنەوە).

وێنەی ڕۆحی یانزە: وەرە لویس بایارییەکی منداڵانە بکەین بزانین یادەوەریمان بیر دێتەوە؟!

وێنەی ڕۆحی دوانزە: دەزوولەی خەیاڵم بیر دێتەوە، پێدەچێت من خۆشەویستی تۆ بووبێتم؟!

(وێنەی ڕۆحی نۆ لەگەڵ وێنەی ڕۆحی دەدا وێنا دەبێت):

چۆن دەبێت من و تۆ خۆشەویستی یەکتر نەبوبێتین؟!
وێنەی رۆحی دە: بیرم دێتەوە ئەگەر تۆ کاروخ بیت؟!.
وێنەی رۆحی نۆ: نازانم کاروخم یان کەسێکی تر؟!.
(وێنەی رۆحی سێ لەگەڵ وێنەی رۆحی دەدا وێنا دەبێت).
تۆ ئەسۆریت، دەتوانیت یادەوەریت بیر بهێنیتەوە؟!.
وێنەی رۆحی چوار: ناکرێت ئێوە تەنیا ماونەتەوەو پێکەوە جوت نەبن؟!
( شەپۆلێکی نەبین بە گرەوە دەکشێت فەزا تاریکی دەیگرێت، زومی کامێرا دەشاردرێتەوە).
(موزیکی جوت بوون).

# 10

(موزیکی عیشقی گۆڵ).

(زومی کامێرا دەچێتە سەر جوتە پێڵاوەکە، وێنەی لاپەڕەی کتێبەکـان بـڵاو دەبـنەوە، کـات، زەمەن، دیـاریکراو نیـیە، شوێن، وێنەی یاریگای شاری فیفـایە، بەوێـنەی بیـنەر پـڕ بـۆتەوە، هەردوو وێـنەی تیپـی فیفـا و تۆفـا یـاری دەکەن، نیوەی کۆتایی جێمی دووەمە، میسار تۆپەکەی لەقاچـدایەو لویس بەردەمی دەگرێت).

وێنەی میسار: دەبێت گۆڵێک بکەم؟!.

(لویس ئەملاو لای دەگرێت و خۆی بەو دیودا دەخات):

ئەگەر گۆڵ بکەیت دەبێتە دوو گۆڵ؟!.

(تیشکێک لە ناوچاوانیان دەدات، میسار تۆپەکە هەڵـدەدات بۆ گۆڵ، گۆڵچی دەیگرێتەوە. تۆپ دەچێتە قاچی ئەسۆر):

وێنەی ئەسۆر: کاروخ رێم لێمەگرە دەبێت گۆڵ بکەم؟!

وێنەی کاروخ: چۆن دەبێت رێگەت لێبگرم؟!

(وێنەی ئەسـۆر بەرەو گـۆڵ هەڵـی دەدات، کـاروخ بەپشـتا دەکەوێت، فیک و هاوار لەوێنەی بینەرانەوە بەرز دەبێـتەوەو فیکەی دادوەر لێدەدرێت):

وێنەی بینەران: جوانترین گۆڵ..چۆن گۆڵ نەبوو؟!.

وێنەی بینەران: نابێت ئەسۆر گۆڵ نەکات؟!.

(موزیکی یاریگا).

11

(موزیکی سەرەتای توانەوە).

(زومی کامێرا دەچێتە سەر دەرەوەی یاریگـا، فەزایـی فیفـا ئاژێری ترسناک لێـدەدات، وێـنەی ئۆتۆمـۆبێلی فریـاکەوتن لورە لوریانە و تیژ بەشەقامەکاندا تێدەپەڕن، وێنەی سەرۆکی تەندروستی هۆشداری بڵاودەکاتەوە):

وێنەی سەرۆکی تەندروستی: نەخۆشی نێرەموکی بڵاوبۆتەوە، هیچ چارەسەرێکی بۆ نییە؟!

(وێنەی یاریزانانی هەردوو تیـپەکە دەچـنەوە ئـوتێلەکە دوو دوو لەژوورەکانیاندا نیشتەجێ دەبنەوە):

وێنەی چۆخ: شۆلەکەم هەموو شتێک لەکۆتاییدایە.

(شۆرتەکەی فڕێ دەدات).

سەیربکە بزانە نێرەموکم؟!.

(وێنەی شۆلیش شۆرتەکەی فڕێ دەدات):

ئەی نابینیت هەموو هاوڕێکانمان وەک ئێمەیان لێهاتووە؟!.

(لەدەرگای ژوورەکەیان دەدرێت، وێنەی پیرزو فـاری دێـنە ژوورەوە).

وێنەی پیرز: ئێوەش بونەتە نێرەموک؟!

وێنەی فاری: دیارە کەسێک نەماوە نێرەموک نەبێت؟!

وێنەی چۆخ: چۆن بتوانین خۆمان چارە بکەین؟!.

وێنەی شۆل: وەزیر گوتی: لەوانەیە شارەکە بتوێتەوە؟!.

(لە ژوورەکانەوە دوو دوو وێنەی کوڕو کچ دێنە دەرەوە، هەموویان شۆرتەکانیان فڕێ دەدەن، دەستیان لەسەر ناو گەڵیان رادەگرن):

دەبێت چی کارەساتێک بێت رووی لەم شارە کردبێت؟!.

وێنەی شۆل: دەبێت ژنان مەیمون بکەن بە مێردیان؟!

(زومی کامێرا دەچێتە سەر کرتەیەکی سێکسی ژن و مەیمون):

وێنەی چۆخ: چۆن نەخۆشی ئایدز بڵاونابێتەوە؟!.

وێنەی فینس: کتوپڕ گەشەی کردو شارەکەی گرتەوە؟!

وێنەی میسار: پێدەچێت شارەکە نغرۆ ببێت؟!

وێنەی سیسان: لەوانەیە مرۆڤەکان بتوێنەوە؟!

وێنەی کاروخ: دەبێت ئەمە لەچەکی ناوەکی کوشندە تر بێت؟!

وێنەی لویس: روداوێکە لەمێژوودا نەبینراو ە؟!.

(وێنەی شاشەی تیفی نەخۆشخانە نیشان دەداتەوە، وێــنەی هەزاران نەخۆش لە نەخۆشخانە دەکرێنە دەرەوە):
وێــنەی تیڤــی: ســەیر بــکەن کارمەنــدانی تەندروســتیش هەموویان نیرەموکن؟.
(وێــنەی فیــدۆیەکی سیکســی مەیمــون و ژنێــک پەخــش دەکرێت).
پێشکەشکاری پزیشک: ئەم ژن و مەیمونە ئایــدزیان هێنــاو هیچ چارەسەرێکیشی نییە؟!.
وێنەی کاروخ: کەواتە کۆمەڵگا دەتوێتەوە؟!.
وێنەی میسار: بۆچی مەیمونیان کرد بە مێردی خۆیان؟!
وێنەی خانم هیلانۆ: من بۆچی شوم کرد بەمەیمون؟!.
وێنەی میسار: پیاوێک ماوە لەم شاردا بزانێت ژن چیە؟!
(وێنەی دۆنالد لەگەڵ وێنەی خانمەکان وێنا دەبێت):
کەواتە ئێوە ئەم شارەتان نەغرۆ کرد؟!.
وێنەی لویس: بۆچی ئەم کارەساتە گەردونیەتان هێنا؟!
وێنەی خانم ئۆلانۆ: بۆچی نازانن مەیمون لە ئێوە باشترە؟!.
وێنەی میسار: کەواتە ئێوە بــونەتە مــایەی کۆتــایی هێنــانی شارێک؟!

وێنەی خانم هیلانۆ: سـەیری گـوارەو دەسـت بەنـدەکانتان بکەن؟!.

وێنەی پیرز: تۆیش سـەیری دەسـت بەنـدی مەیمـونەکەت بکە؟!.

(تیفییەکە فیـدۆیەکی ترسـناک بـڵاو دەکـاتەوە، تـوانەوەی کەسەکانی شار نیشان دەدات).

وێنەی فاری: ئێوە هەستتان بەتوانەوە نەکردووە؟َ.

(وێنەی فینس دەتوێتەوە، وێنەی کاروخ هاوار دەکات):

توامەوە، توامەوە..

(وچانێکی کورت).

ئێوە هەست ناکەن وەک من بتوێنەوە؟!

( چرکەیەکی فۆتۆیی توانەوە هوتێلەکە دەگـرێتەوە، وێـنەی دوو فڕۆکە بەگڕەوە دەکەنە خوارەوە، تیفییەکەی شاری فیفا وێنەی پێشکەشکارەکەی دەتوێتەوە، خامۆشی شـاری فیفـا دەگرێتەوە).

(موزیکی مەرگ)

# 4

## 1

(موزیكی توانەوە).

(كـــات، شـــوێن، زەمەن، بـــوون، دیـــاری كـــراو نیـــیە، تیشكدانەوەی فەزای نەبوونە لە بووندا، زومی كامێرا دەچێتە سـەر جـوتە پـێڵاوەكە، وێـنەی لاپەڕەی كتێبەكـان بـڵاو دەبنەوەو وێنەی رۆحەكان دەردەخەنەوە).

وێنەی دەنگی سێ: دەبێـت ژنەكەم كەوتبێـتە زەریـای بـێ ئامانەوە؟!

وێنەی دەنگی یەك: ناكرێت ژنەكەم نەمدۆزێتەوە؟!.

وێنەی دەنگی دوو: دەبێت لەم خانمانە ژنی تر بدۆزینەوە؟!.

(وێنەی دەنگی چوار ):

کێ لەئێوە هاوسەرگیریم لەگەڵدا دەکات؟!.

وێنەی دەنگی سێ: ژنێکی شۆختان دێتە پێشەوە؟!

( وێنەی هەموو دەنگەکان وەڕین و نەعرەتەو حیلەو سەکسار تێکەڵاو دەکەن، وەک وێنەی مۆسیقایەکی جەنگی پەخش دەبێتەوە ).

وێنەی رۆحی سیانزە: من دڵنیام مێردەکەم ناگەڕێتەوە؟

وێنەی رۆحی دوو: خانم مێردەکەت دەناسیتەوە؟ بزانە یەکێک نییە لە ئێمە؟!.

وێنەی رۆحی سیانزە: نەخێر مێردی من مەیمونێکی دانسقەیە، لەناو مرۆڤدا نادۆزرێتەوە؟!

وێنەی رۆحی سێ: پێدەچێت پێوانەکان سەرو بن بووبێتنەوە؟!.

وێنەی رۆحی چواردە: ئێوە دەزانن چی کارەساتێکتان نایەوە؟!

وێنەی رۆحی پانزە: لەخۆتان بپرسن؟!

وێنەی رۆحی شانزە: هەتا ئێستا تامی ژنێکتان کردووە؟!.

وێنەی دەنگی سێ: بۆچی وەڵام نادەنەوە؟!

وێنەی رۆحی چوار: پێناچێت ژنێکم ناسیبێت؟!.

وێنەی رۆحی یانزە: نازانم تامیان چییە؟!.
وێنەی رۆحی سیانزە: دیارە تۆ تامت نەکردووە؟!.
وێنەی رۆحی هەشت: نازانم بۆچی حەزمـان لەتـامی ژنـان نییە؟!.
(شەپۆلێکی نەبین زومی کامێرا دەشارێتەوە).
(موزیکی رەگەز خوازی).

# 2

(موزیکی دادگا).

(کات، زەمەن، جێگە دیاری کراو نییە، زومی کامێرا دەچێتە سەر جوتە پێڵاوەکە، وێنەی لاپەڕەی کتێبەکان بڵاو دەبنەوەو وێنەی رۆح و دەنگەکان دەردەخەنەوە، وێنەی دەنگەکان ون دەبن و دەردەکەونەوە).

وێنەی دەنگی یەک: دەبێت دادوەر لە مافی ئێمە بپرسێتەوە؟!.

وێنەی دەنگی سێ: ناکرێت یاسایەکمان بۆ دەرنەکرێت؟!

وێنەی دەنگی دوو: ئەوەیش دەزانن ئێمە مێردی نیوەی کۆمەڵین؟!.

وێنەی دەنگی سێ: نازانن زوڵمێکی گەورەمان لێدەکرێت؟!

(شەپۆلێکی نەبین، وێنەی هەزارەها دەنگی تێکەڵاوی ئاژەڵان سەگ و مەیمون و شێرو پڵنگ و ئەسپ و کەر ):

ناکرێت مافمان نەدەنێ و ژنەکانمان بۆ نەهێننەوە؟!

(وێنەی سیمای هەزارەها ڕۆح):

وێنەی ژنان: مێردەکانمان سەفەریان کردووە؟!!

وێنەی دەنگی یەک: چاک دەزانن ئێمە نیوەی فیفاین؟!

وێنەی دەنگی دوو: پێویستە دادوەر پرۆژە یاسایەکی تایبەت بەئێمە دابنێت؟!.

وێنەی دەنگی سێ: ئێستا هەموومان تێکەڵ نەبوینەتەوە ؟!.

وێنەی دەنگی چوار: دەتوانن بپرسن بزانن کامەیە ژنەکانیان؟!.

وێنەی دەنگی سێ: ئەی نابینن مافی ژن لەلایان مەرگەساتە؟!.

وێنەی دەنگی یەک: ئەی بۆچی ژنەکانیان ئێمەیان بەمێرد هەڵبژاردووە؟!.

وێنەی ڕۆحی بیست: لەبەر ئەوەی خەسێندراون، بزانە کەسێکیان هەیە هاوسەرەکەی ژن بێت؟!

وێنەی ڕۆحی نۆزدە: بۆچی یاسایەکیش دانانرێت؟َ.

وێنەی ڕۆحی بیست: شتێک نادۆزمەوە؟!.

وێنەی رۆحی نـۆزدە: ئێـوە بیـر بـکەنەوە بـزانن یاسـایەک دەدۆزنەوە؟!.

وێنەی دەنگی سێ: چۆن یاسا بدۆزینەوە؟!

(شەپۆلێکی نەبین، زەمـی کـامێرا دەشـاردرێتەوەو تـاریکی دەکشێت).

(موزیکی جەنگەڵستان و شار).

# 3

(موزیکی دادگایی کردن).

(شەپۆلێکی نەبین، لەپشتە بوونەوە بۆ بوون، زومی کامێرا دەچێتە سەر جوتە پێڵاوەکە، وێنەی لاپەڕەی کتێبەکان بڵاو دەبنەوەو دەچێتە سەر وێنەی دادگای بەرایی شاری فیفا).

وێنەی دادوەر: میسار تۆ رازیت هاوسەرگیری لەگەڵ لویسدا بکەیت؟!.

(وێنەی میسار بە قەڵەمەکە واژۆی دەکات).

وێنەی دادوەر: لویس تۆ هاوسەرگیری دەکەیت؟!

( لویس واژۆی دەکات).

وێنەی دادوەر: کەسی تر ماوە بێتە ژوورەوە؟!

(داواکاران دوو دوو دێنە پێشەوەو گرێ بەستیان پێیە، زومی کامێرا دەچێتە سەر ژن و مێردێک):

وێنەی دادوەر: دیسان جیابوونەوەیە؟!

وێنەی پیاو: جگە لەجیابوونەوە چی تر هەیە؟!.

وێنەی ژن: لە ژیـانێکی بـێ بەهـادا هاوسـەر گیـری چـۆن دەکرێت؟!.

وێنەی دادوەر: پێدەچێت هاوسەرگیری کۆتایی هاتبێت؟َ!.

وێنەی جێگری دادوەر: ئەنجامی جیابوونەوە نەزانراوە؟!

وێنەی دادوەر: ئەمەیش گومان و پرسیاری بێ وەڵامە؟!

(زومی کـامێرا لە ریـزەکەدا دەچێـتە سـەر وێـنەی کـچ و کوڕێک).

وێنەی دادوەر: هاوسەرگیری دەکەن؟!

وێنەی کچ: ئەی بۆچی هاتوینەتە لات؟!

وێنەی کوڕ: ئەوە گرێ بەستی هاوسەرگیرییەکەمان نییە؟!

(شەپۆلێکی بەهێز فەزا دەشێوێنێت، تـاریکی زومـی کـامێرا دەگرێتەوەو دەچێتەوە پشتە بوون).

(موزیکی توانەوە).

# 4

(موزیکی تێکەڵە رەگەزی).

(کات، شوێن، زەمەن، بوون، دیاری کراو نییە، تیشکدانەوەی فەزای نەبوونە لە بووندا، زومی کامێرا دەچێتە سەر جوتە پێڵاوەکە، وێنەی لاپەڕەی کتێبەکان بڵاو دەبنەوەو وێنەی رۆح و دەنگەکان دەردەخەنەوە).

وێنەی دەنگی سێ: چۆن دەبێت ناسنامەمان نەبێت؟!.

وێنەی رۆحی بیست: ئەی نازانن ئێوە هەر ئاژەڵن؟!

وێنەی دەنگی چوار: ئەی ئێوە ئێمەتان نەکردۆتە هاوسەری خۆتان؟!.

وێنەی دەنگی دوو: ئەی نازانیت دوای چەند نەوەیەک رەگەزمان تێکەڵ دەبێت؟!.

وێنەی دەنگی سێ: بێگومان ئێوەیش رەنگی ئاژەڵتان هەڵدەگرت؟!

وێنەی دەنگی چوار: دەبێت ئێستا بووبێتنە ئاژۆڵەو مرۆلە؟!.

وێنەی دەنگی سێ: بێگومـان دەبێـت لەخۆیـان بـڕواننەوە، بزانن چییان لێهاتووە؟!

وێنەی رۆحی نۆزدە: دەزانن قسەکانتان چەندە بێ مانایە؟!

وێنەی رۆحی بیست: نازانن لەرووی زانستییەوە هەڵەن؟!

وێنەی دەنگی سێ: ئەی بۆ دەتانەوێت نەوەمان لێبخەنەوە؟!

وێنەی رۆحی بیست: تۆ دەزانیت نەوەکەتان چی دەبێت؟!

وێنەی رۆحی نۆزدە: چی دەبێت؟!

وێنەی دەنگی سێ: رەگەزیان تۆوو مۆخی ئێمە نییە؟!.

وێنەی دەنگی چوار: دەبوون بە نیوە مرۆلەو نیوە ئاژۆڵە،

وێنەی دەنگی سێ: بێگومان وادەبوون؟!.

وێنەی دەنگی چوار: بەڕێـز دادوەر ئێسـتا چـۆن وەلاممـان دەدەیتەوە؟!

وێنەی رۆحی بیست: چی گۆڕانێک لەئێوەدا هەیە دوای ئەو هەموو تێکەڵاویەتان لەگەڵ مرۆڤدا؟!.

وێـنەی دەنگـی چـوار: ژنەکەم بەچـکە ئەسـپێکی خـوری دەگرت بەباوەشیەوە، ئەوە مانای هاورەگەزی نییە؟!.

وێنەی رۆحی نۆزدە: خاڵێک لە یاسـادا نیـیە ئـاژەڵ لەگەڵ مرۆڤدا یەکسان بکاتەوە؟!.

وێنەی دەنگی سێ: لە زاووزێ زیاتر چی بەڵگەیەکی لەوە بەهێزتر هەیە بۆ دادگا؟!
(شەپۆلێکی نەبین، زوومی کامێرا دەشارێتەوە).

(موزیکی تێکەڵ بوونی هاوڕگەزەکان).

# 5

(موزیکی رەگەزەکان).

(شەپۆلێکی ترسناک رەنگاو رەنگ فەزا دەگرێتەوە، زومی کامێرا دەچێتە سەر جوتە پێڵاوەکە، وێنەی لاپەڕەی کتێبەکان بڵاو دەبنەوەو وێنەی رۆح و دەنگەکان دەردەخەنەوە).

وێنەی دەنگی سێ: دەبێت تاکەی چاوەڕوانی بکەین؟!

وێنەی رۆحی پانزە: چاوەڕوانی سنووری هەیە؟!

وێنەی رۆحی نۆزدە: دەبێت چۆن چارەسەری کێشەی هاوسەرگیری بکرێت؟!.

وێنەی رۆحی نۆزدە: چۆن یاسا لەسەر شتێک دادەنرێت پشتی بەبەڵگەی یاسایی نەبەستبێت؟!

وێنەی رۆحی سیانزە: دادوەر هەتا ئێستا لەو بەڵگانە باشترت بینیووە؟!

وێنەی رۆحی شانزە: ئەی بەچکەکانمان بەڵگەنین؟!

(شـــەپۆلێکی وێنەیـــی رۆح و دەنگەکـــان بە تێکەڵـــی فەزا دەگرێتەوە):

ئێسک و مۆخمان بووە بەیەک، دەبێت یاسـایەک بـۆ ئـێمە بدۆزرێتەوە؟!.

وێـــنەی رۆحـــی چـــواردە: هەمـــوو شـــتێک راســـتیەکانمان دەسەلمێنن، نازانین ئەم دادوەرە چیە؟!.

(کۆرسی وێنەی هەر چوار رۆحەکە).

دادوەرێک یاساو زانست نازانێت؟!

ئێمەی خستۆتە چوارچێوەی شەختە

زەمەنیش قفڵ و کلیلی نییەو

ژیان قومارو جۆکەری بەختە؟!

(شـــەپۆلێکی تاریـــک زومـــی کـــامێرا دەشـــاردرێتەوە هـــیچ وێنەیەکی بۆ ناگیرێت، زەمەنی پشتە بوون دەگوازرێتەوە بـۆ زەمەنی بوون).

(موزیکی جیابوونەوەی رەگەزەکان).

# 6

(موزیکی پرۆڤەی سێکسی).

(زومی کامێرا دەچێتە سەر جوتە پێڵاوەکە، وێنەی لاپەڕەی کتێبەکان بڵاو دەبنەوەو لە پشتە بوونەوە دێتە سەر بوون، زەمەن ساڵی 2889 یە، وێنەی ئاپارتمانێکی قەراغ شاری فیفایە، جێگەی پرۆڤەی ئاژەڵان، وێنەی چەند ژنێک بەجیا جیا دێنە ژوورەوە):

وێنەی ژنی یەک: ئاژەڵێکی نێری باشت لایە؟!

وێنەی کارمەند: سەگ و پڵنگ و شێر و ئەسپ و مەیمون و کەر و گورگمان لایە، تۆ چی ئاژەڵێکت دەوێت؟!

وێنەی ژنی یەک: دەمەوێت مێردێکی باشم پێ بفرۆشیت ؟!

وێنەی کارمەند: لێرە پرۆڤە بەئاژەڵان دەکرێت، خۆت حەزت لە چی ئاژەڵێکە؟!.

وێنەی ژنی یەک: ئاژەڵێکی بەهێزت لایە دەرون ئاسودە بکات؟!

( لەگەڵیدا دەڕوات جێگەی وێنەی هەر جۆرە ئاژەڵێک بە جیایە، کابینەی یەک، تەلەفیزیۆنێکی گەورە دانراوەو فیدۆیەکی سێکسی وێنەی سەگێک و ژنێک نمایش دەکات، سەگەکان سەیری دەکەن، بەزمان و چەمۆڵە لاسایی دەکەنەوە):

وێنەی سەگی یەک : حەو حەو؟!

( بەزمان چەمۆڵەی دەلێسێتەوە):

حەو.. حەو.. حە؟!

وێنەی راهێنەر: تەواو راهێنراون بیانبەن بۆ کابینەی تاقی کردنەوەی ئامێرەکان.

(وێنەی ژنی دوو):

سەگێکی راهێنراوم دەوێت، ببێتە مێردم؟!.

(وێنەی ژنی سێ دێتە پێشەوە):

وێنەی ژنی سێ: ئەسپە مێردەکەم گیانی دا، ئەسپێکم دەوێت جێگەی ئەوەم بۆ بگرێتەوە؟!.

(ژنان دێن و دەڕۆن، کابینەکانیش هەموویان جێگەی پرۆڤەن و ئەوانەی راهێنانیان تەواو کردووە لە کابینەی تایبەتیدان):

وێنەی ژنان: دەبێت پیاوان بزانن ئێستا تەنیایی کۆتایی پــێ دێت؟!

(زومی کامێرا دەچێتەوە سەر پشتە بوون).

(موزیکی هاوسەرگیرێتی جیاوازە رەگەز).

7

(موزیکی یاسایی).

(کــات، شــوێن، زەمەن، بــوون، دیــاری کــراو نیــیە، تیشکدانەوەی فەزای نەبوونە لە بووندا، زومی کامێرا دەچێتە ســەر جــوتە پــێڵاوەکە، وێــنەی لاپەڕەی کتێبەکــان بــڵاو دەبنەوەو وێنەی ڕۆحەکان دەردەخەنەوە).

وێنەی ڕۆحی سێ: لەهیچ یاسـایەکدا نەبـووە ئـاژەڵ نـاوی هاتبێت؟!

وێــنەی ڕۆحــی پێــنج: جــگە لەوەی کوشــتن و ئازاردانیــان قەدەغە کراوە؟!.

وێــنەی ڕۆحــی شــەش: کەمیــنەیەک نــابنە ئەوەی ئــاژەڵ بخرێتە ناو یاساوە؟!

وێنەی ڕۆحی چوار: چۆن دەبێت ئـاژەڵ بەمـرۆڤ یەکسـان بکرێتەوە؟!.

وێــنەی ڕۆحــی حەوت: هەرگیــز ئــاژەڵ و مــرۆڤ نــابنە ڕەگەزێک؟!

وێنەی رۆحی هەشت: ئەی هەموو ئاین و فەلسەفەکان مرۆڤ و ئاژەڵیان جیانەکردۆتەوە؟َ.

وێنەی رۆحی سێ: هەتا ئێستا شتێکی لەو بابەتە نەبووە؟!.

(شەپۆلێکی نەبین، زومی کامێرا دەچێتە سەر وێنەی دەنگەکان).

وێنەی دەنگی یەک: چۆن دەبێت بەبێ ئێمە دەنگدانی گشتی بکرێت؟.

وێنەی دەنگی سێ: بۆچی نازانن نەوەکانی ئایندەتان لەرەگەزی ئێمەن؟!.

وێنەی دەنگی چوار: ئەگەر مافی ئێمە نەدەن نەوەکانتان بێ ناوونیشان دەکەن؟!

وێنەی دەنگی دوو: تائێستا رەگەزمان تێکەڵاو نەبووە؟!.

وێنەی دەنگی چوار: نازانن رەنگی ئاژەڵتان هەڵگرتووە؟!.

وێنەی دەنگی یەک: ئەی لای دارۆین شێوەو سیمای مرۆڤ ئاژەڵ نییە؟!

وێنەی دەنگی دوو: ئەی نازانن ریشەی مرۆڤیش ئاژەڵە؟!.

وێنەی رۆحی نۆزدە: ئایا ئەو پاساوانە دەبنە هۆکاری ئەوەی یاسایەک دروست بکەن؟!.

وێنەی دەنگی سێ: بەڵێ ئەی بۆچی حەزتان لەئاژەڵە؟!
وێنەی رۆحی بیست: تیـۆری دارۆیـن سـەلماندنی زانسـتی نیە؟!.
(تەقینەوەیەکی بەهێز فەزا روناک دەکـاتەوە، زومـی کـامێرا دەشـــاردرێتەوەو دەردەکەوێـــتەوەو دەچێـــتە ســـەر جـــوتە پێڵاوەکە، لاپەرەی کتێبەکـان پەرش دەبـنەوە، کـۆدەبنەوە، وێـــنەی دەنـــگ و رۆحەکـــان وون دەبـــن، جەســـتەکان دەژێنەوە).
(موزیکی نادادی).

8

(موزیکی توانەوە).

(کات، زەمەن، دیاری کراو نییە، تیشکدانەوەی فەزای نەبوون پێچەوانە دەبێتەوە دێتەوە سەر بوون، زومی کامێرا دەچێتە سەر جوتە پێڵاوەکە، وێنەی لاپەڕەی کتێبەکان بڵاو دەبنەوە، شوێن، وێنەی شوێنەواری شاری فیفایە ، زومی کامیرا دەچێتە سەر پێڵاوی راست و چەپ، وێنەی رۆحەکان دەچنەوە ناو جەستە، یەک یەک هەڵدەستنەوەو دێنەوە ناو فەزا).

وێنەی دادوەر : چی کارەساتێک بوو رویدا؟!

وێنەی زانا: دەبێت بوونێکی نوێ دابمەزرێننەوە؟!.

(وێنەی لاپەڕەی کتێبەکان لەفەزایا پەرش دەبنەوەو کۆدەبنەوە، زومی کامێرا دەچێتە سەر یەکگرتنەوەی وێنەی رۆح و جەستە).

(موزیکی ژیانەوەی جەستە).

# 9

(موزیکی ژیانەوە).

(کات، زەمەن، دیاریکراو نییە، شوێن، فەزای سوتاوی شاری فیفایە، وێنەی جەستەو رۆحەکان کۆتایی پەرتـوکەکە تەواو دەکەن):

وێنەی چۆخ: دەبێت کتێبی کۆتایی بوونمان تەواو کردبێـت ؟!

وێنەی شۆل: رۆڵی هۆمیرۆسی مەرگ و ژیانەوەمان بینی؟!

وێنەی دۆناڵد: کەستان کاتژمێرتان پێ نییە؟!

وێنەی ئەسۆر: رەنگە برسێتی کۆتاییمان پێبهێنێت؟!

وێنەی درۆو: هیچ خواردنێک. لەم زەویەدا نییە؟!

وێنەی ڤاری: ناتوانین بیرەوەری بهێنینەوە؟!.

وێنەی سیسان: هیچ شتێک تۆمار نابێتەوە؟!

وێنەی میسار: دەبێت لەناونانی خۆمانەوە دەست پێبکەین؟!.

وێــنەی کــاروخ: دەبێــت بــانکی بــنە تــۆوی کشــتوکاڵ بدۆزینەوە؟!.
وێنەی نێرەموک: کێ رەگی نێرەموکی ماوە؟!.
(وێنەی پزیشک و وێنەی دادوەر و وێنەی ئۆلانـۆو وێــنەی هیلانۆو وێنەی لویس و وێنەی ئەسۆرو وێنەی پێرۆو وێنەی سیسان و وێنەی کاروخ بەوێنەکانی ترەوە وێنا دەبن):
کۆرسی وێنەکان: سەرلەنوێ دۆزینەوەی تواوەکان؟!.
(فەزا روناک دەبێتەوە، زومی کـامێرا دەچێـتە سـەر جـوتە پێڵاوەکە لەقاچی زانا و دادوەردا دەجوڵێن، وێــنەی لاپەڕەی کتێبەکان بڵاو دەبنەوەو وێنەی جەستەو رۆحە نەبینەکانیش دێنەوە بەر زومی کامێرا ).
(موزیکی ژیانەوە).

# 10

(موزیکی دروست بوونەوە).
(کات و زەمەن دیاری کراو نییە، شـوێن پاشـماوەی شـاری فیفایە، زومی کامێرا دەچێتەوە سەر وێنەی جەستەکان):
وێنەی دادوەر: دەبێت نەخشەی کۆتـایی لەکتێبـی کۆتـایی بووندا بدۆزینەوە؟!
وێنەی زانا: دەبێت لەم بازنەیە بچینە دەرەوە؟!.
( گزنگی خۆر، زومی کامێرا دەچێتە سـەر وێـنەی جـوڵەی جەستەکان).
(موزیکی ژیان).

11

(موزیکی ژیانەوە).

(کات و زەمەن دیاریکراو نیە، جێگە دەرەوەی شاری فیفایە، ، زومی کامێرا دەچێتەوە سەر جوتە پێڵاوەکە، وێنەی لاپەڕەی کتێبەکان کۆدەبنەوە):

پێڵاوی چەپ: سەرەتایە یان کۆتاییی؟!.

پێڵاوی راست: کۆتاییە یان سەرەتا؟!.

(گزنگ دەردەکەوێت، زومی کامێرا دەچێتە سەر بوون).

وێنەی زانا: تەقینەوەی فۆتۆنات بووە؟!.

وێنەی پزیشک: بەرکەوتەی بایەلۆژی و کیمیاییە؟!.

وێنەی دادوەر: بێدادی بوونە؟!..

وێنەی کۆرسی رۆح و دەنگ: مەرگەساتێک بێ سەرەتاو بێ کۆتایی؟.

(موزیکی دروست بوونەوە).

# 12

وێنەی سفری سەرەتا
(موزیکی دوای توانەوە).
(کـات، زەمەن، دیـاریکراو نیــیە، شــوێن، وێــنەی ســفری کۆتـاییە، وێـنەی سـوتانی دوو فـڕۆکە لەتـوانەوەی وێـنەی شاری فیفادا.
زومی کامێرا زەمەن دادەبڕێت، تیشکدانەوەی وێنەی سفری ســەرەتا، پــێڵاوی راســت و چەپ دەردەکەونەوە، وێــنەی لاپەڕەی کتێبەکـان بەجـوڵەی دوو قـاچەوە بـڵاو دەبـنەوەو کــۆدەبنەوە وێــنەی رۆح و دەنــگ و جەســته نمــایش دەکەنەوە).
(موزیکی نغرۆبوون).
2022/4/8
1- کۆپلەیەکە لەقەسـیدەی ئیمپریـالیەتی سـەگ/ سـەلاح جەلال.

سەلاح جەلال

دەرچوی زانکۆی عراقییە لە بەغداد/ کۆلیژی زانستە ئیسلامیەکان/ بەشی ئاینەکان و دایەلۆژی شارستانی لە ساڵی/2011-2012 لە ساڵی 2014- 2015.

بڕوانامەی ماستەری بەدەست هێناوە بەپلەی زۆر باشە لە هەمان بەش بۆ ساڵی 2018=2021.

لە بڵاوکراوەکانی نوسەر.

1- کەوتنە خوارەوەی گەردون/شارای شیعریم/کۆی بەرهەمەکانی 2012/1989.

2. (ئۆقیانوسی مەرگەسات) دەقی شانۆیی/2003.

3. (چیای ئاو) دەقی شانۆیی /2003.

4. (سیمیا لە شانۆدا) 2009 لێکۆڵینەوەی شانۆ.

5. (ئاوێنەی بورکانی ژەنەڕاڵ) ڕۆمان/1992-2012 بەرگی یەکەم.

6. ئاوێنەی بورکانی ژەنەڕاڵ/ڕۆمان/بەرگی یەک و دو/چاپی یەکەم/2019 چاپی دووەم 2021.

7- (مۆسیقای مەرگی ناوەختە) رومان/1997-2020

8- (نەفخ و وێنەی با)ڕۆمان 2020 چاپی یەکەم.

9- کۆجیتۆی جەلال تاڵەبانی/ بەرگی یەکەم و دووەم/چاپی یەکەم 2021.

10-کچانی بەفر (لادۆن سیما)/ سیناریۆی فیلمی سینەمایی. چاپی یەکەم 2021.

11(سقوگ الکون ) دیوان شعری 2000 .

12-(سدره الحسین) دیوان شعری 2012 .